میرێللا گەلێتی

# کورد و کوردستان

## لە نووسراوەکانی ئیتالی دا

## لە سەدەی سێزدەم - نوزدەم (ز)

وەرگێڕانی
جاسم تۆفیق

پیاچوونەوەی
سەلاح ڕێبوار

١٩٨٧ ستۆکهۆڵم

میرێللا گەلێتی

# کورد و کوردستان

لە نووسراوەکانی ئیتالی دا

لە سەدەی سێزدەم - نوزدەم (ز)

وەرگێرانی

جاسم توّفیق

پیاچوونەوەی

سەلاح ڕێبوار

# کورد و کوردستان لە نووسراوەکانی ئیتالی دا
## لە سەدەی سێزدەم ـ نۆزدەم ( ز )

CURDI E KURDISTAN IN OPERE
ITALIANE DEL XIII - XIX SECOLO

نووسینی : میرێللا گەلێتی
وەرگێرانی لە ئیتالیەوە : جاسم توفیق
پیاچوونەوەی : سەلاح رێبوار
خەتەکان : لە لایەن هونەرمەند نەبی زەندی نووسراون
بنکەی هەنگاو بۆ بڵاوکردنەوەی رۆشنبیری کوردی لە چاپی داوە
چاپی یەکەم 1987 ستۆکهۆلم

# پێشەکی وەرگێڕ

سەرەڕای هەوڵ و خۆماندوو کردنی زۆر لە شارەزایانی مێژوو ــ زمان ــ ئەدەب ــ ئایینی ٠٠٠٠ هتد کوردی و بەدەست هێنانی زۆر سەرکەوتنی بەنرخ لەم مەیدانەدا ، کەچی تاکو ئێستاش چــەنــد کەلێنێکی گەورە بەرچاو دەکەون کە پێویستیان بە پڕکردنەوەو زیاـ تر لێتوێژینەوە هەیە ٠ بۆیە بە پێویست و کاریکی بە سوودم زانــی ئەم نووسینە وەرگێڕمە سەر زمانی کوردی، ئەمەش وەکو هەنگاوێك بۆ دوارۆژ ، بۆ ئەوکەسانەی بیانەوێت ئاشنایەتی لەگەڵ سەرچاوە ئیتالیەکان دا پەیدابکەن کەلە لایەنەکانی کۆمەڵی کــوردەواری دەدوێن٠ جا لێرەدا زۆرباش هەست بەفراوانی و دەوڵەمەندی ئــەم سەرچاوانە دەکرێن ٠ئا ئەوەتا ئەم مساڵ ٢٠٠ساڵ بەسەر لەچاپداـ ن و بڵاوبوونەوەی یەکەم ( ڕێزمان و فەرهەنگی زمانی کـــــوردی ـ گەرسونی ،١٧٨٧ز رۆما ) دا رەت دەبێت ، سەرەرای ئەوەی بەشێوەـ یەکی فراوان ناسراوە کەچی تاکو ئێستا گرنگی پێ نەدراوەو لێکوـ لینەوەیەکی زانستانەی لەلایەن شارەزایانی زمانی کوردی لەسەر نەکراوە ٠

بۆیە بەشێوەیەکی گشتی سەرچاوە ئیتالیەکان لەلایەن شارەزاو پسپۆرەکوردەکانی کۆمەڵی کوردەواری شایانی گرنگی پێدانن ٠

* دەمەوێ پڕ بەدل سوپاسی ئەلیساندرا دۆنی Alessandra Doni بکەم ، چونکە بەبێ یارمەتی ئەو لەرووی زمانەوانیەوە ، وەرگێڕانی ئەم نووسینە بۆ سەرزمانی کوردی بۆمن ئاسان نەبوو ، ئەمەش لەبەر ئەوەی لەلایەك نووسینەکان بەشێوە دەربڕینێکی کۆن و لەلایەکــی تریش هەندی جار بەزمانی لاتینی و فەرەنسی نووسرابوون ،کــەمــن شارەزاییم لێیان نیە ٠

ئەم باسە لە گۆڤاری رۆژهەلاتی نوێ Oriente Moderno سالّی ١٩٧٨ ز بە ناونیشانی (کورد و کوردستان لە نووسراوە ئیتالیەکان دا لەسەدەی ١٣ـ١٩ ز ) وەرگێراوە وە ناونیشانە ئەسلیەکەی بەم شێوەیە :

Mirella Galletti

Curdi e Kurdistan in opere italiane del XIII-XIX secolo, in Oriente Moderno anno LVIII, n., 11 Novembre 1978, pp563-596

بە پەسندم زانی ئەم نووسینە بەبێ دەست کاری بکەمە کوردی ، ئەمەش لە لایەك وەکو دوکومێنتێکی مێژوویی ، و لە لایەکی تر بۆ هەست کردن بەو ئەرکە سەختەی میرێلا بۆ ئەم لێکۆلینەوەیە کێشاویەتی کە " شەش سالی خایاندووە " و ئاستی شارەزایی ئەو لە کوردناسی دا ٠

**چەند زانیاری یەك لە سەر میرێلا گەلێتی ٠**

لە سالی ١٩٤٩ ز لە ئیتالیا لەدایك بووە ، خویندنی زانکۆی لە شاری بۆلۆنیا Bologna سالی ١٩٧٤ تەواو کردووە ، دەرچووی کۆلیژی زانستی سیاسی یە ، بەشی " سیاسەتی کۆمەلایەتی " تێزی لەسەر کورد نووسیوە بەناوی :

Struttura politica e valori culturali nella societa curda . PP. XVII.387

( پێکهاتنی سیاسی و بەها رۆشنبیریەکان لە کۆمەلّی کوردەواری)

تیزەکەی نزیکەی ٤٠٠ لاپەرە دەبیت و باسی هەموو لایەنەکانی کۆمەلّی کوردەواری دەکات ، بەلام ئەوەی جیگای داخە تاکو ئێستا لە شێوەی پەرتووك چاپ نەکراوە ٠

میرێلا چەند جارێك سەری لە پارچەکانی کوردستان داوە و لە نزیکەوە واقیعی ژیانی کوردی ناسیوە ، ماوەیەکیش لە کوردستانی

عیراق ماوەتەوە ، زۆر سۆزو خوشەویستی بۆ گەلی کورد هەیـــــەو زۆریش بەتەنگ رزگاری کوردستانەوەیە ، ئەمەش لە نووسینەکانـــی دا زۆر چاك هەست پێ دەکرێت •

لەسەر ئاستی ئیتالیا میرێلا لە ریزی پێشەوەی ئەو رۆژنامەنووس و شارەزایانە دادەنرێت کە خۆیان بەمەسەلەی کورد خەریك دەکەن ، بەڵکو دەتوانین بڵێین تاکە کەسێکە کە بەشێوەیەکی ئورگانیــــك و زانستیانە شارەزایی دەربارەی ئەم مەسەلەیە هەبێ •

وە ئێستاکەش خەریکی نووسینی کتێبێکە لەسەر کورد ، جگـــە لەوەش نیازی وایە ئەم نووسینەی لیرە کراوەتە کوردی زیاتر دەوڵەمەند بکات و لە شێوەی کتێب بڵاوی بکاتەوە ، ئەمەش لەبەر ئەوەی لە سالانی ٨٠ زۆر نووسینی تری دۆزیوەتەوە کە باسی کوردســـتان و کورد دەکەن •

میرێلا زۆر ووتارو نووسینی لەسەر لاپەرەی رۆژنامەو گوڤارەکانی ئیتالی دا دەربارەی مەسەلەی کورد بڵاوکردوتەوە ، ئـــەمـــەش ناوی بەشیکانە :

1- L'oltima rivolta curda in Iraq , in Oriente moderno , anno LV settembre - ottobre 1975, pp 462-472
2- Recente letteratura sul problema curdo in oriente moderno ,anno LV11,settembre-ottobre 1977. pp. 451-458
3- Sviluppi del problema curdo negli anni 1976-78, in Oriente Moderno anno LVIII, settembre - ottobre 1978, pp.463-474 .
4- La questione curda una disputa che dura da quattromila anni , in politica Internazionale, settembre-ottobre1974, pp. 61-71

5- La questione curdo fra dinamismo e repressione, in politica Internazionale, Febraio 1984,pp.36-46

6- I curdi cause e sviluppi di un fattore di inistabilita nel vicino e medio oriente , in il Mulino , anno XX1X ,gennaio -febraio 1980,pp.130-148

7- Il problema curda minacia la stabilita del medio oriente,in a Avanti , 20/9/1980.pp8-9

8- Leila Qassim , Kurdistan una guerra lasciata sempre ai margini della guerra Irak - Iran [ che fa notizia ] , in Avanti 11/12/1980

" میریّلا ئەم ووتارەی بەناوی خۆی بڵاو نەکردوتەوە بەڵکو بەناوی لەیلا قاسم بڵاوی کردوتەوە •

9- Scontri fra esercito e curdi nel nord dell Irak in il Manifesto , 2/3/1980 pag . 2.

10- Turchia-Iraq- Iran - Siria, Ognuno contro gli altri e tutti insieme contro i kurdi , in il Manifesto , 2/3/1980 pag 2.

11- In Iran ci sono anche regioni liberate. Parla il leaderdella resistenza kurda. in il Manifesto. 5/6/1983

12- Kurdistan Iracheno la voglia amatta che avicina Iraniani e Turchi,in il Manifesto 6/9/1983

13- Iran e Iraq uniti contro i kurdi ,in il Manifesto 11/4/1985 p.5

14- Popolo kurdo Amnesty ,la tortura non rispor-

mia neppure i bambini ,in il Manifesto 13/6/86
15-I kurdi in Iraq ,in [ calendario del popolo]N.417 anno 35° dicembre 1979 ,pp.7032-7034
16-Una guerriglia millenaria, in il calendario del popolo N.470 ottobre 1984.pp.10376-10379
17-Guerrieri con la rosa al mano ,in [ L'ORA ] supplemento del 14/10/1980 ,pag 111
18- I kurdi nella guerra ,il genocidio, in[il Regno-ATT.] N.433 ,13/1/1981 anno XXV1 p.19-20

تێبینی :-

١ـ بەشێك لەناوەئەم ووتارو نووسینانەم لە میرێلا وەرگرتووە ، واتە من هەموویم نەبینیوە .

٢ـ لەسەر راسپاردەی میرێلا پەراوێزی ٥١و ١٢٧ دەست کاری کر- اوون ، بەلام زۆر بەکەمی .

٣ـ هەر لەلایەن میرێلاوە رۆژی ١٢/٤/١٩٨٧ دانەیەك لە چاپی عەرەبی ئەم باسەم بینی و بەراوردێکم لەگەڵ چاپە ئیتالیەکەی پێکرد ، هیچ گومانی تیدانیە کە ئەو کەسەی وەریگێڕاوەتە سەر زمانی عەرەبی کارێکی باشی کردووە ، هەندیك جیاوازی لەگەڵ ئەسلە ئیتالیەکەدا هەبوو ئەمەش لەبەر ئەوەی وەرگێڕ بەدەستکار- یەوە کردوویەتی بە عەرەبی ، خۆشی باسی ئەوە دەکات.

لە کۆتایی زۆر سوپاسی میرێلا دەکەم بۆ ئەو تێبینی و زانیار- یانەی بۆ ئەم باسە بەمنی داوە .

جاسم تۆفیق

١٩٨٧/٥/٥

# کورد و کوردستان

## لە نووسراوەکانی ئیتالی دا

## لە سەدەی سێزدەم - نۆزدەم (ز)

میرێلا گەلێتی

دوا بەدوای سەرچاوە دێرینەکانی یۆنانی و لاتینی[1] ، عەرەبـــی[2] و کوردی سەرچاوە ئەوروپیەکانیش لەسەر کوردان دروست[3] بـــوون، لە سەرووی هەموویانەوە فەرەنسی ، ئینگلیزی و ئەڵمانی[4] کە بە شێوەیەکی زیاتر و فراوانتر ناسراون ، سەرچاوە ئیتالیەکانیش ئەگەرچی لە هەموویان کۆنترن ، بەڵام تاکو ئێستا کەم ناسراون و کۆنەکراونەتەوەو گرنگیان پێ نەدراوە ، سەرەڕای ئەوەی دەولەمەند- ترو بایەخێکی تایبەتیان هەیە ٠

یەکەمین سەرچاوەکان دەگەڕێنەوە بۆ ساڵانی ١٢٠٠ ز تـاکـو ١٨٠٠ ز ٠ لەم ماوەیەدا پەیوەندی یەکانی نێوان کوردستان و ئیتالیا بەشێوەیەکی بەردەوام بۆ پێشەوە چووە ، ئەمەش بەهۆی جیهان گەڕو مسیۆنێرو پیاوانی دیپلوماسی و بازرگانەکان، کە بۆ گەیشتن بە ئێران و میزوپوتامیا ناچار دەبوایە بە کوردستان دا تێ بپەڕن ، بۆیە کوردستان لە شوینەوار و کاری ئیتالیەکان بێ بەش نیە ٠ شارەزاو وەستاکانی جەنەوا Genova گەلێك قەلاو قوللەیان لە کوردستان دروست کردوە کە ئێستا وێران و خاپووربوون بەلام شوینەواری قەلاو قوللەکانی شاری دیادین[5] Diadin تـا سەرەتای سەدەی نوزدەم بەچاو دەبینران ٠ قەلاو قوللەیەکی تریش هەر لە لایەن جەنەڤاییەکانەوە لە شاری جەزیرە[6] Giazirah لـە

قەراغ ڕووباری دیجلەوە دروست کراوە یەکی تر لە دۆڵی حەسەن قەلا (قالە) Hassan-kala لە لایەن پیاوێکی جەنەڤایی دروست کراوە .

پێویستە ئەمەش بڵێین کە جگە لە هەندێ نووسراوو بابەتی تایبەتی وەکو هی گەرسونی Garzoni ، کەمپەنیلێ Campanile ، دێ بیانکی De Bianchi جیهانگەرانی ئیتالی چەند نووسین و تێبینیەکی زور کەمیان لەسەر کوردستان لە پاش خویان بەجێ هیشتووە ، ئەوەش بە هۆی پشودان و مانەوەیەکی کەم لە کاتی تێپەر بوونیان بە ناوچەکەدا ، بەڵام میسیۆنێرە ئاینیەکان ڕۆڵێکی گەورەیان بینیوە بۆ هاریکاری لە ناسین و ناساندنی کوردستان و دانیشتوانەکەی ، ئەمەش بەهۆی بوونی ژمارەیەك لە کومەڵگا مەسیحیەکان ، بەتایبەتی ژاکوبیتیەکان Giacobiti ناستۆریەکان Nestoriani ، مێل کیتیەکان Melchiti ، کلدانیەکان Caldei و ئەرمەنیەکان Armeni .

ئەم مسیونێرانە دەگەیشتنە مووسل و هەوڵی ئەوەیان دەدا ئەو کومەڵە ئاینیانە بخەنە باوەشی کلیسەی کاتولیکی ، جالەبەر ئەوەی مووسل مەڵبەندێکی گرنگ بوو لەرووی بازرگانی و شوێنی تێپەربوون بوو لە نێوان حەلەب و بەغدا ، بۆیە چ شارەکە و چ ئاوا- ییەکانی دەروپشتی زیاتر ناسراون و قسەیان لە لایەن جیهانگەران لەسەر کراوە . لە رووی ئەو ناسین و هاریکاریە مسیۆنە کاتۆلیکیە- کان ڕۆڵێکی گەورەیان بینیوە کە لەدواییدا باسی دەکەین .

پیش ئەوەی یەکە یەکە باسی ئەو نووسین و نووسەرانە بکەین، پیویستە دەست نیشانی ئاکارو قوناغە گرنگەکانی میژوو بکەین کە ئەو نووسەرانە تیایدا ژیاون .

سیاسەت و بازرگانی و ئایین بریتی بوون لە فاکتورە هەرە

سەرەکیەکان بۆ پشکنین و ناسینی ناوچە دوورەکانی ئاسیا[8] ٠
یەکەم راپۆرت " نووسین " بە هۆی گەشت و گەران کە گرنگیەکی زانستیانەی هەبی دەگەرێتەوە بۆ سەدەی ١٣ ز ٠ لە سالی ١٢٥٩ ز دووبرا بە ناوی نیکولۆ و مەتێ ئۆ پۆلۆ Nicolo e Matteo polo بەرەو ئاسیا دەکەونە ری ، لەسەفەرەکانی داهاتوویان دا برازاکەیان مارکۆ پۆلۆ ( ١٢٧١-١٢٩٥ ز ) لەگەل خویان دەبەن کە چەند زانیاریەکی کەم لەسەر کوردستان لە کتیبەکەی بە ناوی ملیونێ il milione دەنووسێ ٠ هەروەها کەشیشێکی دومێنیکی بەناوی ریکۆلدۆ مونتێ کرۆچی Ricoldo da monte croce کلیسەی سانتا ماریا نوڤێللەی فلورانس -il convento d.s.Marianove-lla بەجی دێلێ و روو دەکاتە رۆژهەلات ، روژهەلاتناسێکی بەناوبانگ بوو ، بۆ بلاوکردنەوەی ئایینی کاتولیك دەچیتە تەتاریا Tartaria[9] ، ئەرمینیا و میزۆپۆتامیا ، لە بەغدا چەند مشت و مرو دەمەقالی لەگەل هەندی زانایانی ئیسلام بوو ، دەچێتە مووسل بۆ بلاوکردنەوەی ئایین و چەند دەنگ و باسێکی لەسەر کوردەکان نووسیوە ٠

لەسەدەی ١٤ ز ڤینیسیەکان Veneziani هەولی بەهێزکردنی پەیوەندیەکانی بازرگانی خۆیان لەگەل ئێران دەدا[10] ، بەرێگەی ئەرمینیای بچووك و کوردستان رەت دەبوون ، لە کاتێك جنەڤاییەکان بە رێگەی تەرابزوونە Trebisonda دەرۆیشتن ٠ لە نیوەی یەکەمی ئەو سەدەیەدا ژمارەی ئەو بازرگانانەی کەلە رێگەی ئیرانەوە دەچوونە هیندوستان کەم نەبوو ، ، مارین سانۆدۆ تورسێللو Marin sanodo torsello دەلێ : " ٠٠٠ بازرگانە مەسیحیەکانی ئەم ناوە تاکو هیندوستان دەیانتوانی سەفەر بکەن ، هەروەکو زۆر لەوانەی ئێستا لیرەن ، پێشو چوون و گەراونەتەوە "[11]

لەسەدەی ١٥ ز دا کۆماری ڤینیسیا بۆ بەهێزکردنی پەیوەندیەکانی خۆی لەگەڵ ئێران چەند بالوێزێك رەوانەی ئێران دەکەن ، لەناو ئەوانە بەربارۆ و کۆنتەرینی Barbaro e Contarini • لەساڵی ١٤٧٤ ز دا بەربارو لە میسیۆنێك بۆ ئێران ، لەسەر چیاکانی تۆرۆس لەدەست پەلامارێکی کوردەکان رزگاری دەبێ •

لەسەدەی ١٦ ز دا سەرەرای کزی و بێ هێزی جم و جۆلی بازرگانی هەواڵ و دەنگ و باس لەسەر کوردستان روویان لە زیادی دەکرد ، ئەوەش بەهۆی پەیوەندی سەفەر کردن لە لایەن جیهانگەران ،لەوانە رۆنچی نۆتۆ Roncinotto و بازرگانەکان لەوانە بالبی Balbi ، هەروەها بازرگانیکی تری ڤینیسی نادیار ، دووبازرگانی ڤێك یێتی vecchietti کە جگەلە بازرگانی بە هۆی شارەزاییان لە زمانەکانی روژهەلات کاروباری دیبلۆماسیان ئەنجام دەدا •

لەسەدەی ١٧ ز دا پیشەسازی و بازرگانی ئیتالیا بەرەو رووخان دەچوو ، لە لایەکی تریشەوە ڤینیسیا لەگەڵ تورکەکان تووشی شەرێکی خوێناوی بووبوو و هێدی هێدی بەرژەوەندیەکانی خۆی لە روژهەلات لەدەست دەدا • ئەو کەسانەی بە هۆی بازرگانی یەوە خەریکی گەشت و گەران بوون ژمارەیان زۆر کەم بوو بوەوە ، تەنیا ئەوانە مابوونەوە کە بۆ پشکنین و زانیاری ، لەگەڵ مسیونێرە ئاینیەکانا روویان لە ناوچەکە دەکرد •

پیێترۆ دێللە ڤاللێ Pietro della valle بە شێوەیەکی دەولەمەندو رێك و پێك باسی کوردستان و کومەڵی کوردەواری کردووە ، بۆیە دەتوانین هەمان قسەی گیبۆن Gibbon بۆ کوردستان قەبووڵ بکەین کە دەڵێ " هیچ جیهانگەرێك لە دیللە ڤاللی باشتر ئێرانی نەناسیوەو باسی نەکردووە " • لەناو ژمارەیەکی کەم لەو جیهانگەرانەی خویان بە بازرگانی یەوە خەریك دەکرد لە کۆتایی ئەم

سەدەیەدا ، لەوانە گێمێللی کەرێری Gemelli Careri کە نیوەی جیهان گەڕاوە و باسی زۆرشت دەکات و کتێبەکەی وەرگێڕدراوەتە سەر زوربەی زمانەکانی ئەوروپی · هەروەها دکتۆرێکی "پزیشك" ڤینیسی بە ناوی لێگرێنسی Legrenzi باسێکی بە سـوودی دەربارەی کوردەکان نووسیوە لەسەفەریکی درێژی بۆ میزۆپۆتامیا ، کوردستان ، ئیران و هیندوستان ·

لە سەدەی ١٧-١٨ ز دا " بە هۆی نەبوونی چینیکی بازرگانی تەواو کەلە سەدەکانی رابردوو بەباشی هەستی پێ دەکرا ، جم و جولی هات و چوونی بازرگانی لە ئیتالیا لە پەلو پودەکەوێ و پەیوەندیە ریك و پیکەکانی بازرگانیش روو لە هەڵوەشانەوە دەکەن وەلەگەل وو لاتانی روژهەلاتی دوور[١٢] " و هەروەها لەگەڵ وو ڵاتانی روژهەڵاتی نزیك ·

تەنیا میسیۆنێرەکان بوون چ لە رووی ژمارە ، چ لە رووی چۆنایەتی بەشی هەرە گرنگیان لەناو لەشکری جیهانگەرانی ئیتالی بۆ کوکردنەوەی زانیاری بەسوود پێك دەهێنا[١٣] · ئەمەش بەهۆی ئەنجامدانی ئەرکە ئاییینیەکانیان کە پەیوەندیەکی هەمیشەو راستەوخۆیان لەگەڵ دانیشتوانی ناوچەکان دا هەبوو ، لە هەڵومەرجێکی ئەوتۆ دابوون بۆ لێکولینەوەو ناسینی کومەڵانی خەڵکەکە ·

میسیۆنێرەکان لە ریزی پیشەوە دادەنرێن لە رووی ناسین و لێکۆلینەوە لە زمانە کۆن و نویێیەکانی ئەو کومەڵانەی کارەکانیان تێدا ئەنجام دەدا · ئەو رێزمان و فەرهەنگۆکانەی کەلە لایەن میسیۆنێرەکانەوە نووسراون و ریك خراون بە شێوەیەکی گشتی بایەخی زانستیان نیە ، بەڵام ئەگەر حیسابی هەڵ و مەرجی ئەو کاتە بکەین کە تیایدا نووسراون و بڵاوکراونەتەوە ، تائێستاش بایەخ و سەنگی خۆیان هەیە بۆ لیکولینەوەی گوران و پەرەسەندنی

زمانەکان ٠

ئەو بۆچوون و هەڵسەنگاندنانە بە هەمان شێوە ڕەوانە بـــــۆ ڕێزمان و فەرهەنگی زمانی کوردی ـ گەرسۆنی Grammatica e vocobolario della lingua kurda -Garzoni کە بۆ یەکەمجار لە ڕوژئاوا ڕەسەنایەتی و سەربەخۆیی زمانی کوردی سەلماند ، کە تا ئەوکاتە بە دیالیکتێك لە زمانی فارسی دەژمێردرا ٠ بەهەمان شێوە دێللە ڤاللێ لە سەدەی ١٧ ز دەڵێ ( کوردەکان زمانی تایبەتی خۆیان هەیەو جیاوازە لە زمانی دراوسێکانیان ، عەرەب،تورك و فارس ، بەلام شێوەی قسەکردنیان زیاتر لە فارسی دەچێ وەك لە زمانە کانی تر ) [١٤] ٠

هەڵسەنگاندن و لەبەر چاوگرتنی کاری میسیۆنێرەکان لە بابەت داب و نەریت و ئایینی کومەلانی ناوچەکە هەمووی پۆزەتیڤ نیە ، ئەوەش بەهۆی خوبەستنەوەیان بە بۆچوونەکانی ئۆرۆسینەریزم و دوگماتیزم ، لەم روانگەشەوە نووسین و کارەکانیان زۆر ناراستی و زێدە پێوەنانی تیدایە ، لەسەر ئەم خاڵەش راکانی مینی Mini جیگەی بایەخ پێدانن کە دەڵێ ( بۆ ناسینی هەر ئایینیك و کارـ یگەری لەسەر نەرێتەکان ، ئەوەندە بەس نیە تەنیا خوبەستنەوە بە هەڵسەنگاندنی چەند هەڵس و کەوتێکی پروپووچ کە میللەتانی هەر وو لاتێك لەسەری راهاتوون ، هەروەکو میسیۆنێرەکان کردبوویانە پیشە ، بەڵکو پیویستە بەدوای سەرچاوە کۆنەکاندا بگەرێین کە لەناو پەرتووکە پیروزەکانی هەر مەزهەبێك نووسراون ، رویشتن بەرەو پێشەوە لەسەر ئەو رێگایەی کە میژوو داب و نەریتەکـــان دەتوانن پێشکەشمان بکەن ، نەك تەنیا لەسەر خەونی بەتـــاڵ و گریمان کردن ، بەڵکو لەسەر بنچینەی رووداوەکان بەشێوەیەکـــی توندو تۆڵ ) [١٥]

لەسەدەی ١٨ ز تەنیا نووسینی ئەو کەشیشانەمان دەکەوێتـــە دەست کەلە مووسل خەریکی بلاوکردنەوەی ئایین بوون ٠ کەشیشێکی کارمێلیتانی S.cecilia بەناوی لێ ئاندرۆ Leandro سەردانێکی ئاسیای بچووك و ئێران دەکات و پەیوەندی لەگەڵ مەسیحیەکانـــی مووسل هەبووە ، هەروەها کەشیشێکی تر بەناوی Abate Sestini کە شارەزایی یەکی باشی لە دراوناسیدا Numismatismo هەبوو لە سەفەریك کە بە تورکیا ، ئێران ، کوردستان و سوریا بۆ کـــو- کردنەوەی نووسین و مەدالیا دەسورێتەوە ،زور دەنگ و باسی بـــە کەلکی دەربارەی ناسینی ناوچەکان بەجێ هێشتووە ، هەروەهـــا بەشداری یەکی زوری لەبەرەو پیش بردنی زانستی دروستکردنـــی پارەو جورەکانی ( نومیسماتیزم ) کردووە ٠

لە سالی ١٧٤٨ ز دا مسیۆنێکی دومێنیکی لە مووسل بە ئیجا- زەی پاپا بێنێ دیتۆی شازدەم Papa Benedetto [16] دەگەرێتـــەوە، لە ناو ئەو میسیۆنێرانەی کە دەست نیشان کرابوون توریانـــی Turriani و کۆدێلۆنچینی Codeloncini ، لە دوایی دا لێ ئاندر- وش بەهۆی شارەزایی لە زمانی عەرەبی و ناوچەکە بانگ دەکـــەن ، ئەم سێ میسیۆنێرە لە سالی ١٧٥٠ ز دەگەنە مووسل [17] ٠

ئەم گروپە تا سالی ١٨١٥ز بە شیوەیەکی باش و خراپ بەردەوام بوو ، دوای ئەوە مووسل بەجێ دێلن ، جاریکی تر لە سالی١٨٤٠ ز دەگەرێنەوە و دووبارە دەست بەکار دەکەنەوە ، دوایی لە ســـالی ١٨٥٩ ز گروپێکی دومێنیکی فەرەنسی جێگەی ئەوان دەگرێتەوە [18] ٠

ئەم گروپە فەرەنسیە بەشداریەکی گەورەی لە ناســـانـــدنی کوردستان و دانیشتوانەکەی کردووە ئەمەش بەهۆی ئەوەی میسیۆ - نێرەکان زۆر شتی بەسوود و بایەخداریان نووسیوە لەســـەرووی هەموویانەوە کەمپەنێلێ ، گەرسۆنی و لانسە کە لەناو نووســین و

کارەکانی خۆیاندا بەشێوەیەکی فراوان باسی زمان و چۆنیەتــــی پێك هاتنی بناغەی کۆمەلایەتی ـ سیاسی ـ ئابووری کۆمەڵگـــای کوردەواری دەکەن ٠ زۆر بەڵگەنامەی بەهاداریان بۆ تێگەیشتن لــە داب و نەریت و هەڵسوکەوت و ئایینی کۆمەلی کوردەواری بەجــێ هێشتووە ، ئەگەرچی ئەو بۆچوونانە بەهۆی گەرانەوەی نووسەرەکان بۆ ئۆرۆسینتەریزم هێندی لادانی پێوەیە ٠

لێرەدا پێویستە ئەوەش دەست نیشان بکەین کە پیاوە ئایینیە- کان بەشێوەیەکی گشتی لایەنە خراپەکانی کۆمەلی کوردەواریـــان باس کردووە ، کەچی جیهانگەرانی تر وەکو دێللە ڤالـــــــــێ و دێ بیانکێ باسی لایەنە باشەکانیان کردووەو هەلیان سەنگاندوە بەتایبەتی خاسیەتە سەرەکیەکان ، بەچاویکی ئەوتو تەماشاو قەبو- ولی کورد دەکەن بەبێ ئەوەی میژوو و بناغەی خوورەوشت و کولتور و ئایین کە ئەو کومەلەی پێوەبەندە دەسکاری بکەن و بشێوێنن ٠

بێ گومان یەکێك لەو میسیۆنێرە دومێنیکیانەی لە ناوچەکەدا خەریکی کاری ئایینی بوون و لەهەموویان بەناوبانگ تر بریتی بوو لە شێخ مەنسوور Skeikh Mansur کەبەرەسەن ئیتالی بــــوو ، سەنگێکی گەورەی لەسەر دانیشتوانی ناوچەکە لە کۆتایی ســەدەی ۱۸ ز هەبوو ٠ پاش ئەوەی دەبێتە ئیسلام بە شێخ ناوبانگ دەردەکات و دەبێتە سەرکردەی لەشکرێکی ۱۰ هەزار کەسی کورد ٠ لە سالانی ۱۷۸۵- ۱۷۹۰ ز شاری بەتلیس Bitlis ، سیرت Sirt و ئـەرزەرۆم Erzurum داگیر دەکات و دەکەونە ژێر دەسەلاتی شیخەوە، دوایی دەپەرێتەوە بۆ قەفقاز و دەست بەسەر ژمارەیەکی زۆر لە دانیشتوا- نی ئەو ناوچانەش دادەگرێ ٠ کار دەگاتە رادەیەك رووسەکان لـــە سەرکەوتنەکانی شیخ کەوتنە ترس و لەرزەوە ، بۆیە لەشکرێـــکی گەورە بۆ لەناوبردنی شێخ رەوانەدەکەن ٠ لەسەرەتای شەر شێخ چەند

سەرکەوتنێك وەدەست دێنێ ، بەڵام دوایی لە شەرێکدا دەشکێ و بەدیل دەگیرێ و لە دێری ئارکانگێلArkangel زیندان دەکرێ ، پاش ٢٠ ساڵ لە زیندان دا دەمرێ[١٩] .

میسیۆنە کاتۆلیکیە ئیتالیەکان کەلە شارەکانی تری کوردستان وەکو دیار بەکر ، وان بوون ، هاریکاریی یەکی ئەوتویان لەرووی ئەدەبیەوە نەکردووە کە شایەنی گرنگی بێت[٢٠] .

لەماوەی سەدەی ١٩ ز نووسین و بڵاوکراوەکان لەسەر کورد جورە خاسیەتیکی نوێ وەردەگرن ، ئەوەش بەهۆی گورانی هەلومەرجی کۆمەلایەتی و روشنبیری جیهانگەرەکان . ئەوەی جیگای تایبەتی خۆی لەم ماوەیەدا هەیە بریتیە لە کتێبەکەی کەمپەنێلێ کە لە سالی ١٨١٨ ز چاپکراوە ، ئەگەرچی زۆر بە ئاشکرا هەستت بە هەلوێستی دژ بە کوردی ئەو کابرایە دەکرێ ، بەلام پریەتی لە دەنگ و باسی سوود بەخش .

بزووتنەوەی رۆمانتیکی و ئینترناسیونالی ئەو سەردەم بوونەتە هۆی گەشەکردن وهەولدان بۆ ناسینی ئەونەتەوانەی کە ئەورووپی نین ، بە تایبەتی ئەگەر هاتبایە کەم ناسراوبان . بلاوبوونەوەی بۆچوونی مروڤی سەرەتای خورسك Buon silvaggio سەرتاسەری ئەورپای گرتبووۆەوە . کوردەکان ئەگەرچی بە مرۆڤی درونەدەو توندو تیژ دەژمێردران ، سەرەرای ئەوەش نرخیان پێ دەدرا بەتایبەتی بەهۆی لێ هاتوویی و ئازایەتیان لەشەر کردن و رەوشتی سەربەخو خوازی و خوشەویستیان بو ئازادی .

ووشەی " کورد و کوردستان " دەخرێنە نێو ئینسکلۆپێدیا و کتێبەکانی مێژوو و سیاسی . نەخشەی کوردستان بەشێوەیەکی زۆرترو فراوانتر دەکەونە نێو نەخشەکانی جوغرافیا ، لەرووی زمانەوانیشەوە بۆ یەکەمجار پشکنین و شێکردنەوە لەسەر زمانی کوردی

بەدیار دەکەون ٠ لە دوای سالی ١٨٤٦ز کوردستان دەبیتە شوینی حەشاردان و پەناگای نیشتمان پەروەرانی ئیتالی کە بەهۆی سیاسیەوە وولاتەکەی خۆیان بەجێ دەهێشت ، بەتایبەتی لە هەریمەکانی لومباردیا و ڤینێ تۆ Lombardia e veneto [21] ٠

لە سالی ١٨٦٣ ز کتێبەکەی دێ بیانکی بە چاپ دەگات ، بێ گومان ئەو کارەش لەناو ئەدەبیاتی ئیتالیدا لە گشتیان بەرزتر و سوودمەندترە کەلەسەر ئەو مەسەلەیە بەخویەوە بینیبێ ٠ دێ بیانکی ماموستای یاسابوو ،دوای ئەوەی لەلەشکری عوسمانیدا بوو بە ئەفسەر ، لەکاتی خزمەتی سەربازی دا زۆر سەفەری بۆ کوردستان کردووە، سوزو رێزیکی زۆری بۆ خەلکی کورد هەبووە ، لە کتێبەکەی ئەودا شیکردنەوەیەکی قوول و لێ زانانە بەدی دەکرێ ،زیرەکی و لێ هاتوویی ئەوکابرایە گەیشتوتە رادەیەك بە شیوەیەکی زۆر بە تام و رووخوش هەندی لایەنی کۆمەلگای کوردەواری دەگێرێتەوە، بەشیوەیەك خوینەر لێی وەرس نابێ ٠

دێ ڤیکی و ئۆسکولاتی De vecchi-Osculati لەسەفەرەکەیان بۆ ئیران چەند دەنگ و باسێکی کورتیان لەسەر کوردەکان نووسیوە ٠ دوای چەند سالێك میسیۆنێکی پاشایەتی ئیتالی بە دوای ئەوان دا دەکەوێتە رێ ، بەلام هیچ شتێکی رەسمیان لەم بارەوە بەجێ نەهێشتووە ، کەچی پیاوێکی ناتورالیست بەناوی دی فیلیپی Defilippi لەم بارەوە باسێکی دوورو درێژی نووسیوە ٠

لە کۆتایی سەدەی ١٩ ز نووسینەکەی گارۆڤالیۆ Garovaglio بلاوکرایەوە ، کەلەکاتی مانەوەی لە رۆژهەلات پەیوەندی لەگەل کوردەکاندا هەبووە ٠ دوای سالی١٨٦٣ ز واتە پاش دێ بیانکی بەشیوەیەکی گشتی هیچ نووسین و باسێکی بەکەلك لەسەر کوردستان و کورد بلاونەکراونەتەوە ، بەم شیوەیە بۆماوەی زیاترلە

سەدەیەك ئەدەبیاتی ئیتالی جگەلە هەندێ بڵاوکراوەی لابەلاو نازانستانە نەبێ دەرگای بەرووی کوردستان دا داخست [22] .

هۆی کەمی و نەبوونی بەشداری ئیتالیا لە کوردناسی دا دەگەڕێتەوە بۆ گرنگی و گوێنەدان ، بەتایبەت لە کۆتایی سەدەی رابردوو بە میسیونە کاتۆلیکیەکان لە روژهەلاتی نزیك ، لەو کاتەی میسیونێرە فرەنسیەکان جێگای ئیتالیەکانیان دەگرتەوە ، لەوکاتەدا دەولەتی فەرەنسی بەمەبەستی فراوان کردن و بەهێزکردنی سیاسەتی خۆی یارمەتی و گرنگیەکی زۆری بە میسیۆنێرەکانی خۆی دەدا [23] . هەروەها لە کۆتایی سەدەی ١٩ ز هەست بەزیاد بوونی میسیۆنەکانی پرۆتستانتی بەریتانیاو وولاتە یەککگرتووەکانی ئەمەریکی دەکرێت [24] .

بەیەککگرتنەوەی ئیتالیا لەیەك دەوڵەتی سەربەخۆو مەرکەزیدا ، پەیوەندی و بەرژەوەندیەکان بۆ کوردستان و رۆژهەلاتی نزیك کۆتاییان پێ دیت ، دەرگای سەفەرە دوورو درێژەکان دادەخرێت . ئەو دەنگ و باسانەی کەلەسەر کوردستان جارجارە چ بەنامە چ بەهۆی یاداشت نووسینی ئەوکەسانەی تەنگیان بەشەوەزەنگ دەبردو بەرەو چیاکانی کوردستان دەکەوتنە رێ مل ملانێی هەموو کۆسپ و تەگەرەیەکیان دەکرد کۆتاییان پێ دێ .

ئیتالیا بەسەرخۆی دادەشکێتەوە ، هەژاری و باری دارایی ئەو وولاتە ساوایە رێگەی نادات بۆ رەوانەکردنی کۆمەڵ و رێکخراو بۆ پشکنین و ناسینی ناوچەکە وەك وولاتانی تری ئەوروپی کەلە رووی دارایی دەستیان دەرۆیشت . گیروگرفتەکانی ناوەوەی وولات بوو بوونە گیروگرفتی سەرەکی .

لەکۆتاییدا خالێکی گرنگ لە ئەدەبیاتی ئیتالیدا بەرچاودەکەوێت ، ئەویش کەبۆماوەی حەوت سەدە باسی کومەڵی کوردەواری

کردووه ، بریتیه له مەسەلەی ڕێگری و چەتەیی Brigantaggio ،ئەوەش ناوەرۆکی نەگۆڕی Staticitá کومەڵگای کوردەواری نیشان دەداکە تەنیا لەم سەدەی بیستەمە دا گورانکاری یەکی زۆری لەرووی سیاسی ، ئابووری ، روشنبیری و کۆمەلایەتی بەخۆیەوە بینیوە ، هەر لەم کاتەوە دیاردەکانی نیشتەجی بوون Urbanizzazione و هەلوەشانەوەی سیستەمی خێلەکی لە نێو کومەلانی خەڵك رووی لە زیادی کردووە ، هەروەها لەدایك بوونی چینێکی رۆشنبیری Intelligncija پیگەیشتوو بۆتە هۆی بەهێزکردن و یەکیتی نیشتمانی و خەباتی ناسیۆنالی[٢٥].

خالێکی تر کە شایانی دەست نیشان کردنە ، ئەویش بریتیە لەو سەرچاوانەی کە لە زمانەکانی ئەورووپی وەرگێردراون بو سەر زمانی ئیتالی ، بەشیوەیەکی گشتی لەسەدەی ١٩ ز چاپکراوون ، ئەوەش نیشانەی بەتەنگەوە هاتن و هاوکاری کردنە لەگەڵ خەباتی کەمە نەتەوایەتیە ژیردەستەکان لەقوناغی سەر هەلدانەوەی -Risorgim ento ئیتالیادا ، لەکاتێك کەلە سەدەکانی پیشوودا زۆر بەکەمی ئەو شتانە بەرچاو دەکەوتن[٢٦] ، ئەم سەرچاوانەش بەشیۆەیەکی گشتی بریتین لە سەرجەمی گێڕانەوەی ئەوگەشت و سەفەرانەی بۆ ناوچەکە کراون[٢٧] ، بەلام لەوشاکارانەنین کە ئەدەبیاتی ئەورووپی ئەو سەردەمە بەخۆیەوە بینیوە[٢٨]. لەوانەی کە شایانی ناوبردنن Schwiger- Le rchenfeld ، گرنگی لەوەدایە کەلەناو باسەکەدا چەند لاپەرەیەکی بۆ جل و بەرگ و شیۆەی ژیانی ئافرەتی کورد تەرخان کردووە ،لە کاتێك دا هی ڤۆن مۆلتکی[٢٩] Von moltke لە گشتیان بەسوود و پر بایەخترە ، ئەو پیاوە ژەنراڵێکی ئەلمانی ( پروسی ) بووە ، بۆ هاریکاری لە ڕێکخستن و ڕێکوپێك کردنی لەشکری عوسمانی روو دەکاتە ئەوناوە ، بەشداری چەند هێرشێکی بۆ سەر کوردەکان کردوە

، بەلام لە هەلسەنگاندنی مەسەلەی کورددا زیرەکی و زانایی‌ەکی زور ووردبین نیشان دەدا ، بویە تیبینی و بو چوونەکانی جیگای بایەخ پیدانن . لەسالی ١٩٠٠ ز دا کتیبەکەی جەمیل Giamil بە ناوی چیای ژەنگار Monte singar لە زمانی سریانی یەوە Siriaco کراوەتە ئیتالی کە باسی یەزیدی یەکان دەکات[٣٠].

دەتوانین سەرچاوە ئیتالیەکان لەسەر کورد و کوردستان بکەین بەسی بەشەوە ، " دەست نووسەکان - چاپکراوەکانی سەدەی ١٣- ١٩ز - چاپکراوەکانی سەدەی بیستەم " ئەوەی دواوەش بریتیە لە دوو جور یەکیان هی ئەو روژنامەنووسانەن کەبەمەبەستی کوکردنەوەی دەنگ و باس و فولکلورەوە نووسیویانە ، ئەوی تریش هی ئەوکەسانەن کە بەمەبەستی خویندن و لیکولینەوەی کومەلی کوردەواری نووسیویانە ، بەلام هەریەکە لە روانگەیەکی جوربەجوری عەرەب ناسی ، تورك ناسی ، ئیران ناسی یەوە ، سەیری کوردیان کردووە ، نەیانتوانیوە بەشیوەیەکی تایبەت و سەربەخو خویان بە کوردناسی Cordita ، خەریك بکەن ، بویە هەریەکە بەپی ی خوی کوردی لە جیهانی عەرەب ، تورك و فارس داناوە . جگە لەو پیناسەو کەمی لیکولینەوەو لیتو- ژینەوەی زانستی ، فاکتورە سیاسیەکانیش کاریگەریەکی زوریان لە سەر کورد هەیەو توانیویانە بەپی ی هەلومەرجی سیاسی روژانە بی دەنگیەك بەسەر ئەو مەسەلەیەدا بسەپینن. بویە دەبینین بە شیوەیەکی ئەوتو نووسراوو باسی سەدەکانی رابردوو زیاتر لە هی ئەو سەدەیە مورك رەسەنایەتی مەسەلەیەکی واقیعی کوردیان پیوەیە.

لەبەر ئەوە بەپەسەند دەزانری کە نووسراوەکانی ئیتالی لەسەر کورد و کوردستان لە دوو لایەنەوە شی بکەینەوە و هەلسەنگینین یە- کیان هی ماوەی نیوان سەدەی ١٣-١٩ ز ، دووەمیان هی سەدەی بیستەم ، ئەوەش بەهوی گورانکاری " ناراستەوخوو زیاتر سیاسی " لە هەلومەرجی کومەلایەتی ، ئابووری و روشنبیری نەتەوەی کورد .

ئەم لێکۆڵینەوەیە لە ماوەی ساڵانی ١٩٧٣-١٩٧٨از ئامادەکراوە، بۆ ئەم باسەش سوود لەم ئارشیف و پەرتووکخانانە وەرگیراوە • پەرتووکخانەی زانکۆی بەغدا - پەرتووکخانەی موزەخانەی ئارکیۆ-لۆژی بەغدا - کۆڕی زانیاری کورد لەبەغدا - کۆڕی زانیاری عیراق لە بەغدا - دارالکتب قاهیرە - پەرتووکخانەی زانکۆی ئەمریکی لە قاهیرە American university library-Cairo • - پەرتوو-کخانەی زانکۆی ئەمریکی لە بەیرووت St.Josef university lib-rary - Beirut هەروەها زۆربەی پەرتووکخانەکانی ئیتالی • پەرتووکخانەو ئارشیڤەکانی ڕێبازی دۆمێنیکی Ordine Domeni-cano شاری مووسل ، قاهیرە ، بۆلۆنیاو ڕۆما گرنگیەکی زۆریان بۆ ئەم لێکۆلینەوەیە هەیە •

هەروەها ئامۆژگاری و پیشنیاری چەندکوردناسێك جێگای بایەخیکی گرنگن وەکو تۆما بوا Thomas Bois ، عیسمەت شەریف وانلی ، مامۆستا مارف خەزنەدار " بەڕێوەبەری بەشی زمانی کور-دی لە زانکۆی بەغدا " پرۆفیسۆر پاولو مینگانتی Paolo Minga-nti ، فەبریسیۆ پێنەکیێتی Fabrizio Pennacchietti ،ئەنجلو پیی مونتیێزی ، بیانکە مەریا سکارچیا ئەمۆرێتیێ ، Bincamaria-Scarcia Amorette •

ئەم لێکۆڵینەوەیە بریتیە لە بیبلوگرافیای ئەو نووسراوە ئیتا-لیانەی پەیوەندیان بە کوردستان و کوردەوە هەیە ، لەگەڵ شیٚ کردنە وەو هەلسەنگاندنی بابەتەکان و نرخ و بەهای کارەکان • بابەتەکان بەشیۆوەیەکی ئەوتو دابەش کراون بەبێ ئەوەی پاش و پێشی ئەو سەردەمانە بکرێ کە تیایا نووسراون ، ئەوەش بۆ ئەوەی بە دروستی لە چونیەتی پیشکەوتن و پەرەسەندنی پەیوەندیەکانی جیهانگەری ئیتالی حالی ببین ، بەتایبەتی لە مەبەست و ئەوکارانەی کەلە

کوردستان ئەنجامیان داوە ۰

بەکردنەوەی ئەو دەرگایەش دەتوانین بەسەفەرەکانی سەدەی ۱۳ ز دەست پێ بکەین وەکو " مارکۆ پۆلۆ ـ ریکۆلدۆ دەمۆنتی کرۆچی " کە بەلای ئەوانەوە کوردیش یەکێک بووە وەکو هەموو ئەو نەتەوانەی پیایدا رەت بوون و ناسیویانە بەتایبەتی لەروانگەیەکی فولکلوریە-وە ، تا دەگاتە ئەو قوناغەی ئەدەبیاتێکی سەربەخۆ بۆ ناســـــین و لیکولینەوەلەرووی رۆشنبیری و زانستی دەربارەی گەلی کورد لـــــە سەدەکانی ۱۸ـ۱۹ ز پێ دەگات ۰

## دەست نووسەکان

# دۆمێنیکۆ لانسە ١٧١٨ - ١٧٨٢ ز

**DOMENICO LANZA**

Domenico Lanza, Compendiosa relazione istorica dei viaggi fatti dal padre Domenico Lanza dell' Ordine dei predicatori da roma in Oriente dall' anno 1753-al 1771, Archivum Generale ordinis praedicatorum , S.Sabina, Roma,X111,07.2000----072002 , pp.625

دومینیکو لانسە : الموصل فی الجیل الثامن عشر " وەرگێڕانی لە ئیتالیەوە لە لایەن R.Bidawid موصل مصبعة النجم ١٩٥١ ص ٧٨ " الطبعة الثانیە موصل مطبعة الشرقیە الحدیثە ١٩٥٣ ص ١٠١ ٣٢.

ئەوەی لەبەسەرهاتی ئەم دەست نووسە چاوەڕوان نەدەکرا ، ئەوەیە تاکو ئیستا لە ئیتالیا چاپ نەکراوە ، کەچی هەندێ بەشی کراوەتە عەرەبی و لە عیراق چاپ کراوە ." ئەم دەست نووسە بزر بوو بـــوو، هیوای دۆزینەوەی لێبڕابوو ، بەلام سالی ١٨٤٨ ز کەشیشیك بە ناوی گولیێلمۆتی Guglielmotti بەڕێکەوت دەچێت گۆشت لای قەسابێك بکرێ ، بەسەر سووڕمانەوە چاوی بە خەرمانێك کۆنە کاغەزو دەفتەر

دەکەوێ کە کابرای قەساب بۆ پێچان و گۆشت خستنە ناو بەکاری دەهێنان ، جا ئەم دەست نووسە زەردو تۆز لێ نیشتووەش یەکێک لەوان بوو ، ماوەیەکی زۆریش لە دوای گەڕابوون ،ئەم دەست نووسە [٣٣] بو ئەوانەی بیانەوی دووبارە مێژووی شاری مووسل و ناوچەکە لە نیوەی دووەمی سەدەی ١٨ ز بنووسنەوە گرنگ و بایەخدارە ، لانسە چ لە رێگەی کاروباری ئایینی و چ وەکو دکتۆرێك پەیوەندیەکی نزیك و پتەوی لەگەڵ ژمارەیەك لە ئاغاو پیاوە گەورەکان دروست دەکات . لە سالی ١٧٧٠ ز حاکمی شاری مووسل فەتاح پاشا داوای یارمەتی پزیشکی لێ دەکات .

لە ئەنجامی ئەو دۆستایەتیە لانسە رۆژ بە رۆژ بەسەرهتات و رووداوەکانی سیاسی و ئایینی و ئابووریەکانی ئەو سەردەمە دەنووسێتەوە ، لەگەل باسێك لەبابەت شوێنە مێژوویەکان و شوێنەوارە کۆنەکانی ناوچەکە .

لەم دەست نووسەدا لانسە باسی کوردەکانیش دەکات ، بەلام بە شێوەیەکی لابەلا ، بۆچوون و هەڵوێستەکانی لە هەلوێست و رێبازە باوەکانی ئەوکات دەرناچن . ئەوەی لەم نووسینەدا گرنگ و جێگەی بایەخ پێدانە ، بریتیە لە دەوڵەمەندی لەبارەی گێڕانەوەی دەنگ و باسی بەسوودی ئەوکات ، ئەوەش بەهۆی نیشتەجی بوون و ژیان بردنەسەر لەناو دانیشتوانی مووسل . پەیامی لانسە بریتی بوو لە ناوبژی کردنی ناکۆکی نیوان کلیسەی کاسۆلیکەکان و ناستۆریەکان ، هەربویەش ئەمرو لانسە بەهوی ئەم کارە بە رێبەری ئیکومینیزم Ecuminismo لە شاری مووسل دەدرێتە قەڵەم لانسە هەوڵ دەدات زیاتر گوندو شارۆچکەکانی دەورو پشتی مووسل بناسێ چ بەهۆی ئارەزووی بۆناسینی شوینەوارە کونەکان چ بۆ بەهێزکردنی پەیوەندی لەگەل مەسیحیەکانی ئەو ناوە [٣٤] . بەشێوەیەکی رێکو پێك لەلاپەرە

١٢٨ ـ١٢٩ باسی ئامێدی Amadyya دەکات ، وە لاپەڕە ٢١٢ ـ ٣١٢ ئورفە Urfa ، هەروەها دەست نیشانی ئەوە دەکات کە ( شاری نەینەوا Ninive لەو شوێنە نەبووە کە دەناسرێ ، بەڵکو لەبەرا ـ مبەر شاری مووسڵی ئێستابووە بەلای ڕۆژهەڵات بە درێژایـــــــی ڕووباری دیجلە ، ڕوژهەلات ناسەکانیش بەگشتی لەسەر ئەو رایەن ل ١١٩ )٠[٣٥]

ناکۆکی نیوان ئیمپراتۆری ئیران و تورك لەسەرەتای سەدەی ١٨از شاری مووسڵ دەخاتە مەترسیەوە ، بەڵام دانیشتوانەکەی کەلە کورد و عەرەب و تورك و مەسیحی پێك هاتبوو هەموو بەیەکەوە پارێزگا ـ ریان لەبەرامبەر هێرشی ئیرانیەکان " فارسەکان " لە شـــارەکــە دەکرد " ل ٢٣٠ ـ٢٣٣ " ٠

لانسە دانیشتوانی شارەکە بە ٣٠٠ هەزار کەس لە قـــەڵـەم دەدا ( ل ٢٤٢ ) ،[٣٦] باسی چونیەتی پێکهاتنی کۆمەڵایەتی و نەتەوایەتـی و ئایینی شارەکە دەکات و دەڵـی ( زۆربەی دانیشتوانەکەی لە تورك و عەرەب و کوردەکان پێکهاتووە کە هێدی هێدی دێنە ناو شـــارەوە ، هەندێکیان بوونەتە بازرگان یان ئاغا ، ئەوانی تریش خەریـــــکی کشتوکاڵن و زەوی دەکێڵن ، هەندێکیش بێ کارن و یارمەتی رێـــگرو چەتەکانی پی دەشت و بیابانەکان دەدەن ، هەندێکیش بەچەنـــــد پیشەیەکی ترەوە خەریکن ، بەڵام زۆربەیان لەناو ئەو دەســـــت و تاقمانەن کە دەیان پارێزن و چاوپوشی لە راووڕووتەکانیان دەکەن ، جولەکەکانی شاریش هەژارن و ژمارەیان لەوانەیە ٤٠٠ کەس تێپـــەر نەبێ٠[٣٧] مەسیحیەکانیش وەکو خۆیان دەڵێن ژمارەیان ٦ هـــەزارە ، بەلام بەڕای من ژمارەیان زیاترە[٣٨] ، زۆربەیان بازرگان و خوم چـی و پیشەیین و تاڕادەیەك دەولەمەندن ، مەسیحیەکان بۆ دوو بـــــەرە ( طائفة ) و چەند ئاینزای ( مذهب ) جیا جیا دابەش بوون هەنـد ـ

یکیان ژاکۆبیتین Giacobiti و ئەوانی تریش ناستۆرین Nestor-iani • ئەگەرچی مەسیحیەکانی ئەم شارە لە ناوچەکانی تری ئیمپراتوری عوسمانی کەمتر چەوساوەن ، بەلام لەگەڵ ئەوەش لە هەندی هەرەشەو مل کەچ کردن بێ بەش نین ، لە هەموویان چەوسا - وەتر کاسولیکەکانن " لەکاتی رۆیشتنم ژمارەیان دەگەیشتە ۱۰ هەزار لەشار و زیاتریش لەوە لە گوندەکانی دەورووپشت ••••• ل ۲٤۳ ) •

لە روونکردنەوەی ئابووری شارەکەدا بە ئاشکرا رۆڵی جۆلایی و چنین و رستنی لۆکە دەردەکەوێ ، ئەمەش جارێکی تر قسەکانی مارکۆ پۆڵۆ دەسەلمێنن ، لانسە لەم بارەوە دەڵێ ( هەر جۆرە بەرهەمێکی بازرگانی کەلە مووسڵ هەبێ جا چ لە هیندستان ،ئەورـ وپا یان هەر قوژبنێکی ئەو ئیمپراتوریەتە "تورك" هاتبێ ، بەلام لەبەرهەمەکانی ئەم ناوچەیە جگە لە دانەوێلە ، لوکەو پەمۆ بەرهەمی سەرەکین هەموو ساڵێ بەشێکی زۆری دەنێرنە دەرەوە بۆ هەموو لایەکی جیهان ، دەتوانین بڵێین ئەم وولاتە هەموو ساڵی قازانجێکی زۆر لەم جورە بازرگانیە دەکات ، ئەوەش بەهۆی زۆری ئاوە لە گوندەکان کەخەریکی چاندنی لۆکەو پەمۆن • لەبەر ئەوەی داهاتی سالانە بەشی پێویستیەکانی شارناکەن ، ناچار زۆریان دەچن لە کوردستان دەیکرن و دەیهێننەوە شارو گوندەکانی دەورو پشتی • ئافرەتان خەریکی رستنن ، ژمارەیەکی زۆریش لە پیاوان خەریکی جۆلایین و هەندێکیش بەرەنگ کردن و رازاندنەوە بە چەندەها رەنگی جیاجیاوە خەریکن ، لە کوتاییدا هەندێکیش خەریکی گواستنەوەو فرۆشتنن بۆ ناوچەکانی تر ••••بەم شێوەیە نزیکەی هەموو دانیشتوانی شارەکە خەریکی کار کردنن ، ئەم جۆرە پیشانەش تاکە هۆی بازرگانی و داهاتی ئەم شارەن ••••ل ۲۳۷ )•

رەنگە لانسە یەکەم ئەورووپی بووبێت کە هەستی بەبوونی نــەوت لە دەورو بەری مووسڵ کردووە ، بۆیە دەڵی ( ئەو قیرە Bitume بـە شێوەیەکی زۆر لە شوینێکی کەمیك دوور لە مووسڵ هەیە ، کە پـێی دەلین حەمام عەلی Imam Ali ، ئەو شوێنە ئاوی گەرمــی لـــێ هەڵدەقوڵێ و ئاماری قیرە ٥٠٠٠٠٠٠٠ پەراوێزی ل ٢٣٥ )[٩] ئەم جورە قەترانە بۆ پاریزگاری دانەوێلە لەو شارە بەکاردێت ( لەم شـــارە جۆرە فابریکەیەکی تایبەتی زەوی " چاڵ " هەیە ، کە بۆ پاریزگا ـ ری و پاراستنی دانەوێلە ، هەندیکیان گەورەو هێندیکی تریـــان بچووك ، بچووکەکان لە ١٠٠ تا ٢٠٠ فەردە گەنم دەگرن ، بـــەلام گەورەکان زیاتر لە ٤٠٠٠ فەردە دەگرن ، بەشێوەی قووچەك لە ژێــر زەوی دروست کراون و لە ناوەوە بە دیوار هەڵنراون کە بە توێژێــك لە قەتران سواخ دراوە یان بە قیر کەلە پێشدا گەرمی دەکەن بـــۆ ئەوەی شل ببێتەوە ئینجا دیوارەکانی پێ سواخ دەدەن کەبەشێوەیەـ کی زۆر توندو بەند دایدەپۆشی ٠ لەم چالانەدا هەموو ئەو دانەوێڵە. یەی کە دەیانەوێ هەلیگرن بە ووریایی دایدەپۆشن بە ماوەیەکی کەم هەمووی تەواو دەکەن و هەندێ جاریش لە دەمی چالەکەوە دیـــواری یەك گەز درێژ بەرز دەکەنەوە بۆ ئەوەی چاڵەکە بزر نەکەن ٠ بـــەم شێوەیە دانەوێلەکە بۆ ماوەی زیاد لە ٢٠ ساڵ بە ساغی دەمێنێتەوە ، هەر لەبەر ئەوەشە هەموو کات لە مووسڵ دانەوێڵە دەست دەکەوێ و هەر کات حەزبکەن بە ئارەزووی خۆیان بە کوردەکانی سەرچیاکان و عەرەبی بیابانەکانی دەفرۆشن ، جگە لەوەش بەشێکی لە رێگـەی رووبارەوە رەوانەی بەغدا دەکەن ٠٠٠٠ل ٢٣٤ ـــ ٢٣٥ )

لانسە بەشیوەیەکی ریك و پیك رووداوە ناهەموارەکانی ئەوکات دەگێرێتەوە بەتایبەتی ئەو قات و قریەی بە هۆی سەرماو سۆل لـــە سالانی ١٧٥٦ـــ ١٧٥٧ ز شاری لە پەل و پۆ خستبوو( رووبـــــازی

دیجلە بۆ ماوەی ٢٠ رۆژ بەستبووی ) هەروەها بە هۆی هێرشـــی کوللە و بڵاوبوونەوەی تاو لەرز " لاپەرە ٢٤٩ ـ ٢٥٣ " ٤٠ بە شیوەیەکی دوور و دریژ باسی ناکۆکی و ناحەزایەتی بنەماڵـە ناودارەکان دەکات •

باسەکەی لانسە ئەگەرچی لە هەڵسەنگاندن و شێ کردنــەوەی بابەتی هەندێك هەژارە ، جارجارەش زۆر قسەکردن و دووبارەکرد- نەوەیە ، بەلام لەگەڵ ئەوەش دا بە هۆی گیڕانەوەو باســکردنی ژیانی رۆژانەی مووسڵ و شارەزایی و ناسینی دانیشتوانەکەی زۆر بە سوودە •

# ڤینچنسۆ سەپلانی ١٨٠٩ - ١٧٣٤ ز

## VENCENZO SAPELLANI

Vincenzo sapllani, Relation historique surla mission des P.P.Dominicanis dans la Mesopotamie et le kurdistan (de 1750 á 1803) e crite de la main du P.R.G fr. Vincent Sapellani , prefet apostolique de cette mission,Archivum Generale ordins Praedicatorum .S.Sabina,Roma, X111,07.2004, PP.49.

ئەم نووسینە پچڕ پچڕ و ناتەواوە ، هەندێ بەشیشی لێ فەوتاوە، بەلام لەگەڵ ئەوەشدا نووسەر بە هەڵسەنگاندێك کەلە روانگەیەکــی مێژووییەوە ، رووداوەکــــــــانی ئەو رۆژگارەمان پێشــکەش دەکا بەتایبەتی لە رووی کارو کردەوەی میسیۆنێرەکانی پێش خۆی ،

لەسەرووی هەموویانەوە هی گەرسۆنی "ل ١٨-٢١ " و لەگـــــەڵ نووسینیك لەسەر دێری سانتا سەبینا S.Sabina باسی چـــەنـــد زانیارییەکی بەکەلك لەسەر شاری مووسڵ دەکات و دەڵێ ( شارێـکی گەورەیەو دانیشتوانی نزیکەی ٨٥-٩٠ هەزار کەسە ٠ل ٧) و گرانـی و قات و قڕی سالانی ١٧٥٦ــ ١٧٥٧ز کە لانسە باسی کردبوو $\frac{٢}{٣}$ ی دانیشتوانەکەی کەم کردوتەوە ٠

# ئەگۆستینۆ مارکی ١٨٠٥-١٨٧٥ ز

## AGOSTINO MARCHI

Agostino Marchi ,( Lettera al) Reverendissimo Padre Maestro vicario Generale , Kurdistan ,Mar Jakou , 20 novembre 1852 , Archivum Generale Ordinis Praedicatorum , S.Sabina , Roma,X111,07.2004.

ئەم نامەیە هەندێ کورتە باسی لەسەر کوردو کوردستان تێدایـــە بەم شێوەیە باسی کوردەکان دەکات و دەڵێ ( سەربەخۆن و بێ ئامانـن هەمیشە ئامادەی چەوساندنەوەو سەپاندنی دەسەلاتی خۆیانـن بەسـەر کەسانی بێ هێزو بێ دەسەلات ٠٠٠ ل ١٥ ) ئەوەی زیاتر جێـــگای سەرنج دانە بریتیە لە باسکردنی راوو رووت و چـــەردەیـــی مەسیحیەکان و دەڵێ ( مەسیحیەکانیش بۆ ناو ئەودەستەو تاقمانەی خەریکی رێگری بوون دەستەمۆکرابوون ، لەناو ناستۆریەکان عەشیر-

ەتی Tiarj ژمارەیان لە هەموویان زیاتر و لـــە هەمـــــووشــــیـان
شەڕکەرترن ، دەستی یارمەتیان بۆ هەرکەسی پارەی پێ بدابان درێژ-
دەکرد و بەم جۆرە چاوپۆشیان لە راوو رووتەکانیان دەکرد "ل١٥ " و
گوناهی ئەوەشیان دەخستە سەرشانی " عەرەب - کورد - یەزیدیەکان
بۆ ئەو کارو کردەوە خراپانەی کە گوایە مەسیحیەکان لاســـــایی
دەکەنەوە . ٤٣

# سەدەی سێزدەم

# چاپکراوەکان

# مارکۆ پۆلۆ ١٣٢٤-١٢٥٤ ز

**MARCO POLO**

Marco Polo . Il Milione ,prima edizione integrale a cura di luigi Foscolo Benedetto ,Firenze, Olschki, 1928 ,PP.CCXX1,281

Marco Polo , Il libro di Messer Marco Polo cittadino di venezia detto Milione dove si raccontano le Maraviglie del Mondo , ricostruito criticamente e per la prima volta integramente tradotto in lingua italiana da Luigi Foscolo Benedetto , Milano- Roma, Treves-Trecani-Tumminelli, 1932,pp.325. ٤=٥

مارکۆ پۆلۆ چەند کورتە دەنگ و باسێکی لەسەر شاری مووسڵ و چۆنیەتی پێکهاتنی لە ڕووی ئایین و ڕەگەزەوە نووسیون ، بەلام بەشێوەیەکی ڕێك و پێك " ل ٢٤ " لە بارەی داهات و ئابووری شارەکە دەڵێ ( لێرە هەموو جۆرە هەوری حەریری " ئاوریشم" رازا- وەو نەخشێندراو بە پولەکەی زێرینی دروست دەکەن کە پێی دەڵێن مووسڵی Mussolini • بازرگانە دەست ڕۆیشتوەکانی ئەم وولاتەش بە مووسڵی ناویان دەرکردووە ، کە خەریکی هێنان و بردن و فرۆشتنی جۆرەها بوخارا و مەرجان و هەوری زێرینی و حەریرن • " ل ٢٤ " ناوی ئەو جورە قوماشانەش هەر لەناوی شارەکەوە هاتون کە بۆ چەند سەدە لەگەڵ ئەورووپا مەڵبەندی بازرگانی بووە ، لەبەر ئەوەی مانیفاکتورەکانی ناوچەکە و ئەو کەرەسانەی لە هیندوستانەوە دەهاتن لە بنچینەدا دەگەڕانەوە بۆ مۆنۆپۆلی قوماشی ناوچەکە •[٤٦]

مارکۆ بەشێوەیەکی ئەوتو باسی کوردستان دەکات ، کە بەڵگەی تەواوی ئەم وولاتە شاخاویەو دانیشتوانەکەی پیشان دەدەن ، لەم بارەوە دەڵێ ( زۆربەی کوردەکان مەسیحین و لە ئاینزای " مذهب" ناستۆری Nestoriani و ژاکۆبیتین Giacobiti ، هەندێکیشیان ئیسلام و محمد پەرستن ، خەلکێکی جەنگاوەرو فێڵبازن ، حەز بە ڕێگری و ڕووت کردنی کاروان و بازرگانەکان دەکەن[٤٧] " ل ٢٤ • مارکۆ ئاسووری و کلادانیەکان بە کورد دەداتە قەڵەم ، بەلام لە کاتێکدا ئاسووریەکان کوردن ، هی دووەم کلدانیەکان جیاوازن و دەچنەوە سەر ڕەگەزێکی تر[٤٨] • لە قەڵەمدانی کوردەکان بە ( خەڵکێکی جەنگا- وەرو خراپەکار " و سەرنج دان لەوەی کە کوردەکان ، کاروان و بازرگان ڕووت دەکەن ، بەڕای فرانکی دەگەڕێتەوە بۆ ئەو تاقیکر- نەوە ناهەموارەی کە تووشی مارکۆ لەسەفەرەکەی بووە[٤٩] •فرانکی و پۆلۆ ، هەردووکیان کوردەکان بە ئاژاوەچی و جەنگاوەر دەدەنە قەڵەم جا چ ئەوانەی ئیسلامن چ ئەوانەی مەسیحین[٥٠] • دوای ئەوە پۆلۆ

دەست نیشانی ٨ وولاتی ئێران دەکات و دەلی وولاتی دووەم نـــاوی " کوردستان " بوو ل٣٦- ٣٧ ·

# ریکۆلدۆ دە مۆنتی کرۆچی ١٣٢٠- ١٣٤٢ ز

## RICOLDO DA MONTECROCE

Ugo Monneret de Villard

Il libro della Peregrinazione nelle parti d'Oriente di frate Ricoldo da Monte croce , Romae, ad S. Sabinae , 1948 , PP.130 [٥٢]

ریکۆلدو زۆر بە روونی باسی رووداوەکان دەکات ، ئەوەش نیشانـــەی بوونی شارەزاییەکی تەواوە لە داب و دەستووری ئەو خەڵکەی کە لـــە ناویان دەژیا ، لە لایەکی تریشەوە بە هۆی تەواو کردنی خوێنــــدن دەربارەی رۆژهەلات لە ئەوروپا · یەکێك لە سیفەتەکانی ئەم نووسینە بریتیە لە گێرانەوەیەکی کۆن و سادەو رەوان · ریکۆلدۆش باســـی شەرەکەری و جەنگاوەری کوردەکان دەکات و دەلێ ( گەیشتینە ئـــەو شوێنەی کە درِوندەی و تورەیی ئەو کورتانە " کورد Curtorum" لەو رادەیە دەرچووە دەر کەلە هەموو ئەو میللەتە درِوندانەی تووشـــیان بوو بووین و دیبوومان · پێیان دەلێن کورت " کورد " نەك لەبـــەر ئەوەی بالا کورتن · بەلکو لە راستیدا بالا بەرزو چوارشانەن،کورت "کورد" لە زمانی فارسی مانای گورگ دەگەیێنێ ····ل ٦٦ " ·
سەبارەتبە ماناو بنچینەو رەسەنایەتی " ئیتمۆلۆگی " ئەم ووشەیـــە " کورد " ئیستاش زۆر راو بۆچوونی جیاواز هەن [٥٣] · ریکۆلدۆ باسی زور شتی بە سوود دەربارەی ئاینی کوردەکان دەکات و دەلـــــێ ( کوردەکان ئیسلامن و قورئان بە کاردێنن ، زیاتر لە فەرەنگیەکـان

Francos رقیان لە مەسیحیەکان دەبێتەوە ، بە کوشتنی پیــــاوە ئاینیەکان " مەسیحیەکان " قەڵەو دەبن ، کوردەکان لە پێشـــــدا کلدانی Caldei بوون و دوایی بوون بە مەسیحی Christiani ، لــە لە کۆتاییش ئێستا بە هۆی بوونی ئەو یاسا پان و بەرینە بوونەتــە ئیســـــــلام . ل ٦٦ ) .

ئەگەرچی گومان لە بڵاوبوونەوەی ئیسلام لەناو کوردەکان دانیە ، بەلام هێشتا پەڕینەوەیان لە قۆناغی پەگانیزم "بت پەرستی " ــ کریستیانیزم ـــ ئیسلامیزم دیارنیە . ئەگەرچی ئیسلام بۆتـــە ئاینی سەرەکی و خۆی بەسەر ئایین و ڕێبازە کۆنەکانی دیکە کــە دەگەڕینەوە بۆ سەردەمی زەردەشتی دا سەپاندووە ، بەڵام لە سەدەی ١٣ ز دا لەناو کوردەکان ژمارەیەکی زۆریان ناستوری و ژاکۆبیتــی بوون ، بەتایبەتی لە بەشیکی ئەم وولاتە بەلای میزوپوتامیا دا .[٥٤]

تێبینیەکانی ریکۆڵدو دەربارەی ئیسلامەتی کـــــوردەکــــان دەست نیشانی خاڵێکی گرنگ دەکەن . ئەویش بریتیە لە دووربـــوون لە دەمارگیری و ئورتۆدۆکسی ئایینی و بڵاوبوونەوەی چەندەهـــــا ئایینزا و ڕێبازی جیا جیا .[٥٥] کوردستان هەمیشە نیشتمانی چەندەها ڕێبازو تەریقەت و مەڵبەندی یاخی بوون لە ئیسلام بووە ، هەرلێرە- شەوە توند ڕەوی ئایینی لە دایك بووەو تەشەنەی کردووە .[٥٦] دیســـــان هەر لێرەوە لایەنگرانی ئایینی مەسیح لە یاخی بوون و سیکتاریـزم بێ بەش نەبووین .[٥٧]

ریکۆڵدو هەندێ زانیاریمان دەربارەی مووسڵ دەداتێ لە لاپـەڕە ٦٩ ـ ٧٠ دا دەڵێ ( لێرە ژمارەیەکی زۆر جولەکە هەن و لە ووتوویژ- یکی ئایینی دا لەناو سیناگوگە " کەنیسەی جولەکان ـ وەرگێڕ " بە ئاشکرا بەزاندنمان ... ل ٧٠ ) .

جولەکەکان سەنگێکی زۆریان لە مووسڵ دا هەبووە ،[٥٨] ریکۆڵدو بەم

جۆرە باسی مووسڵ دەکا (گەیشتینە نەینەوا ، شاریکی گەورەیە بە دریّژی نەك بە پانی ، بە تەواوی بە دریّژایی رووباری دیجلەی بەهەشتیە ، ئیّستا سەرلەنویّ لەوبەری رووبار بەناوی مووسڵ دروست کراوەتەوە ل ٦٩ ـ ٧٠ )

لە راستیدا نەینەوا دەکەویّتە بەرامبەری مووسڵ هەروەکو لانسە لە سەدەی ١٨ ز دا دووپاتەی دەکاتەوە ، هەروەها شویّنەوارناسەکانی سەدەی ١٩ ز یش لەسەر هەمان ران [٥٩] ریکۆڵدو دوای ئەوەی مووسڵ بەجی دیّلیّ و روودەکاتە بەغدا (پاش ئەوە ، ئیّمە هەر لە ریّگەی نەینەوا ، شاری گەورە ، بەدریّژایی رووباری دیجلە ریّگەمان گرتە بەر دوای ٢٠٠ میل گەیشتینە شاری بەغدا Balducum ل٧٢ ) بە هۆی بەکار هیّنانی سیستەمە سەرەتاییەکانی ئەوکات لە ریّگەی رووبارەوە سەفەر دەکرا ، واتە بە کەلەك Kelek . [٦٠]

# سەدەی پازدەمی زایینی

## گیۆزەفات بەربارۆ ١٤٩٤ - ١٤١٣ ز

**GIOSAPHAT BARBARO**

Iosaphat Barbaro , Viaggiodel magnifico messer Iosaphat Barb ambasciatore della illustrissima repubblica di venetia alla Tana , viaggio dell' istesso Iosaphat Barbro in Persia in Antonio Manuzio [ viaggi fatti da venetia ,ect.] vinegia nella casa dei figlio li d'Aldo ,1543.

Gli stessi,in, Ramusio ,[Della naviggazione et viaggi ] venetia nella stamperiadei Giunti, 1563-1606, (vol.3) ,II

L.Loskhart ,R.Morozzo della Rocca, M.F.Trepolo (a cura di ) ,Iviaggi in persia degli ambasciatori venti Barbro e Contarini , Roma,instituto poligrafico dello stato ,1973,PP.415 [٦١].

بالّویّزی ڤینیسی لە ئیّران " بەربارۆ " ، لە کاتی سەفەریّك بۆ ئیّران لە لایەن دەستەیەك لە چەتەو ریّگری کورد لە رۆژی٤/ ٤/ ١٤٧٤ ز پەلامار دەدریّ و رووت دەکریّ ، دوو لە هاوەلّەکانی لـــەگـــەلّ بالّویّزی ئیّرانی لەسەر چیاکانی زاگروس دەکوژریّن ، بەربارو دەلّیّ (کە گەیشتینە سەر ئەو شاخانە کە زۆر بەرزو سەختن ، دانیشتوانە.

کەی لە جۆرە میللەتێکن بەناوی کوربی "کورد" Corbi شێوە زمانێکی تایبەتی خۆیان هەیە کە جیاوازە لە زمانی دەوروپشتەکا- نیان ، ئەوەندە دڵ رەقویێ بەزەیین ، زیاتر پیاو کوژن لەوەی کە دز و رێگربن ٠٠٠٠ل١١٧٠

بەربارو یەکەم کەس بووە کە هەستی بە جیاوازی زمانی کوردی لەگەڵ زمانی میللەتەکانی دراوسێ کردووە ، بەجۆرێك باسی چەتە- یی و رێگریان دەکات کە خۆی تێکەوتووەو دەڵێ ( زۆر قوللەو قەلایان لەسەر لوتکەی دەربەندەکان هەیە بەشێوەیەکی ئەوتۆ لەناو ئەو شاخانە دروست کراون تابتوانن لەناکاو پەلاماری کاروان و رێبواران بدەن و رووتیان بکەن ، زۆر لەو قوللەو سەنگەرانە لەلا- یەن ئاغاکانەوە روخێندراون ، بەهۆی ئەو زەرەر و زیانەی بە کاروا- نەکانیان گەیاندبوو ل ١١٧) رێگری و جەردەیی هەمیشە لە زۆربەی ناوچەکانی کوردستان وەکو بەشێك لە ژیانی خێلەکی باو بووە ، ئەگەرچی ئەم دیاردەیەش زۆری بەسەر نراوە " مبالغة" ٠ رێگری و چەتەیی بریتی بووە لە رەنگدانەوەی واقیعی ئەوکات ، وەکو کەمی بەرهەم و ووردەواڵە ، پارچەپارچە بوونی سیاسی ، لاوازی و کەم تەرخەمی دەوڵەتی ناوەندی و خۆبەستنەوەی کۆمەلایەتی بە سەرۆك خیلەکان لەگەل بارو دۆخی جوگرافی رێگە خوشکەرێك بوون بۆ بوسە دانانەوە و پەلاماردان لەسەر ئەو شاخە سەخت و چڕانە ٠

# سەدەی شانزەمی زاینی

# نادیارێکی خەڵکی ڤینیسیا

## ANONIMO VENEZIANO

Anonimo, Viaggio d'un mercante che fu nella persia ,in : Ramusio , [della navigazione et viaggi ], venetia , nella stamperia dei Giunti,1563-1606, [ vol.3] ,11,pp.78-91

ئەم راپۆرتە بەسوودە لە لایەن بازرگانێکی نەناسراوی ڤینیسیایی لە سالانی ١٥١٧ـ ١٥٢٠ ز نووسراوە ، لەوکاتەی بەدوای لەشکری شای ئێران " شا ئیسماعیل " دا بووە ، خەریکی شەڕکردن لەگەڵ میری کارامانیا Caramania بووە. ئەو کابرایە سەردانی ماردین ، وان و بەتلیس دەکاو باسی قەلا و قوللەکانی شارەکان دەکات باسی هەل و مەرجی بازرگانی ناوچەکە دەکات . دەربارەی کوردەکان دەلێ (مل کەچی قەبوڵ ناکەن و بە خراپی بەخێوکراون ، ئەگەرچی کلاووجامانەی سوور لەسەر دەنێن بەلام لە دڵەوە سۆفی Sophiani " واتە شیعە" وەرگێڕ " راستە قینەنین ، تەنیا بەکلاوو جامانە نەبی .کوردەکان لە چاو میللەتانی تری ئێران زیاتر ئیسلامن، بەلام فارسەکان لە ئاینزایەکی ترن بەناوی Sophiana کوردەکان نایانەوی بچنە ناو ئەو ئاینزایەوە ئەگەرچی کلاووجامانەشیان سوورە ، وادیارە لە دڵەوە گوێ نادەنە رۆژی مردن ل ٨٠ـ٨١ )

زۆربەی کوردەکان لە ئاینزای سوننەن و بەشێکی کەمیش شیعەن ، پەیرەوی دروشمی ( Cuius regio ,eius et religio واتە لە ئایندا پەیرەوی فەرمانڕەواکانیان دەکەن ٠

لە سەدەی ١٦ ز لە کاتی شەڕەکانی نێوان ئیمپراتۆری عوسمانی و ئێرانی ، زۆربەی کوردەکان پاڵپشتیان لە ئاینزای سوننە دژی ئێران دەکرد ٠ خاڵێك جێگەی بایەخ و سەرنج دانە ئەویش ئەو کابرایە دەڵێ ( ئەو وڵاتە وەك شامی شەریف وایە ، رێگری و دزی نیە ، لەم ماوەیەی لای ئەو (خان ) ە بووم کەس شتێکی خراپی لەگەڵ نەکردم ٠٠٠٠٠ل ٨٠ ب) هەروەها دەست نیشانی ئەوە دەکات کە شا ئیسماعیل لە شکرێکی ٦٠٠٠ کەسی رەوانەی سەر بەتلیس دەکات ، بەلام بە ماوەیەکی کەم ناچار دەبێ لەشکرەکەی بانگ بکاتەوە بۆ بەرەیەکی تری رەوانە بکات " ل ٨١" ) بە شێوەیەکی گشتی ناوەڕۆکی ئەم باسە سوود بەخشە بەهۆی دەست نیشانکردنی چەند زانیاریەکی بە کەلك ٠

(٦٣)

## ماریۆ سانودۆ ئیل جۆڤەنی ١٤٦٦ - ١٥٣٦ ز

**MARINO SANUDO IL GIOVANE**

Marino Sanuto ,I diari di Marino Sanuto , Venezia M.Visentini 1879-1903 , vol .58

سانودۆ لە کاتی باسکردنی رووداوو بەسەرهاتەکانی کۆماری ڤینیسیا بە زۆر ناوی جۆربەجۆر باسی کوردستان دەکات وەکو

شیخان Shixan " بەرگی ١٩ ل ١١٩ " گورجستان Gurgistan
بەرگی ٢٥ ،ل ٤٧٣ " گوردستان Gurdystan " بەرگی ٤٩، ل ٤٦ "
دەلی ( کوردەکانی. ناوچەی ئارسانکیف Arsanchief و بەتلیس
Betis و کیزام Chisam و موش Mux و گیزیك Gisic کەوتوونەتە
مابەینی حوکمی دوو ئاغا لەلایەك تورك ، لەلایەکی تر فارسەکان
کاتی پرسیار دەکەی ئاخۆ چون دەبێ لەگەڵ ئەو دوو ئاغایە
بجولێنەوە ؟ لە وەڵام دا دەلێن بە پێی بارو دوخ پالپشتی لە
یەکێکیان دەکەین . بەرگی ٤٠ ل ٢٠٠ ) [٦٤]

کوردەکان زۆر جار پارسەنگی تەرازوو بوون لە شەڕوشۆڕی نێوان
عوسمانی و ئێران ، بەسەرکەوتنی عوسمانیەکان لەشەری چاڵدیران
سالی ١٥١٤ ز لە سەردەمی سولتان سەلیمی یەکەم بارودۆخی
سیاسی کوردستانیش گوڕانی بەسەردا هات ، هەر لەوکاتەش
سنوورەکان دەست نیشان کران و چەسپان . لە کۆتایی سانودۆ دەڵێ
( لە دیاربەکر لەشکرێکی ناوچەکە " کوردستان " هەیە کە لە
١٤ هەزار سوار پێك هاتووە ) بەرگی ٥٤ . ل ١٢٧ .

# لویگی رۆنچینۆتو

## LIUGI RONCINOTTO

Luigi Roncinotto, Viaggi di messer Aluigi di Giovanni in India . Viaggio... in Colocut, in A . Monuzio [ Viaggi fatti da Vinetia , alla Tana , in Persia , in India et . in Costantinopoli ].

Vinegia , nelle case dei figliouli d'Aldo ,1543 PP.180.

هەندێ کورتە باسی لەسەر کوردەکان تیایە ( لەسەر چیاکانی تۆرۆس هەندێ میللەت هەن کە پێیان دەلێن کوربی " کورد "Corbi ل ١١١)

ئەوەی لەگشتی گرنگترە بریتیە لە دەست نیشانکردنی کوردەکان ا لە دەرەوەی گشت کونترولێکی دەوڵەتی ( دانیشتوانی ئەرمینیای گەورەو بچووك زۆربەیان کوردن ، میللەتیکی چیایی و جەنگاوەرن ، ئەوانەی لە ئەرمینیای گەورە دەژین زۆربەیان لەژێر دەسەلاتی تورکەکانن ، بەشێکیش لە ژێر دەسەلاتی فارسەکانن ، بەلام ئەوانەی لە ئەرمینیای بچووك دەژین سەربەخۆن و لەژێر دەسەلاتی هیچ کەس نین ..... ل ١٤٤ ).

# گەسپارۆ بالبی

## GASPARO BALBI

Gasparo Balbi, Viaggiodalle Indie Orientali di Gasparo Balbi, Venezia , Camillo Borgominieri ,1590 , PP .159.

چەند زانیاریەکی کورتی لەسەر کوردەکان تیایە کە ( ئیسلامن . ل ٢١ ) لەسەر شاری ماردین لە " لاپەرە ٩ " .٦٧

# گیۆڤان بەتیستە و گیرۆلامۆ ڤیکیێتی

## ١٥٥٢ - ١٦١٩

**GIOVAN BATTISTA E GEROLAMO VECCHIETTI**

R.Almagia , Giovan Battista e Gerolamo Vecchietti viaggiatori in Oriente .in [ Rendiconti Acc. Naz . Lincei , CI. sc .mor . stor. fil .] S.VIII , IX,1956.

ئەم راپۆرتەش لەرووی کورتی و چۆنیەتی ئەو دەنگ و باسانەی کە لەسەر کوردەکانی تیایە لە نووسینەکەی بەربارۆ ٦٩ بالوێزی ڤینیسی لە ئێران دەچێ ، بە تایبەتی دەربارەی باسکردنی ناوچەکەو خاسیەتەکانی زمانی کوردی و خوورەوشتی کوردەکان ، بەلام هەمان هەڵەی ریکۆڵدۆ دووبارە دەکاتەوە و دەڵێ ( کاتێکی زۆری بەسەردا نەرۆیشتووە کە کوردەکان هەموویان مەسیحی بوون و ئێستاش بوونەتە مالیمێت Malimet " ئیسلام یان محمد پەرست - وەرگێر" ل ٣٢٩ .

هەروەها باسی سەرۆکێکی کورد دەکات بەناوی قوباد Cobad کە سەرۆکایەتی کۆمەڵێ جەردەو رێگری دەکرد ، بنکەکەیان لە قەلایەک بوو .

# سەدەی حەڤدەمی زاینی

# باڵوێزەکانی کۆماری ڤێنیسیا لە سەدەی ١٧ ز دا

## AMBASCIATORI VENEZIANI NEL SECOLO XVII

Nicolo Barozzi - Guglielmo Bechet , le relazioni degli stati europei lette al Senato dagli Ambasciatori , veneziani nel secolo decimosettimo raccolte ed annotate da Nicolò Barozzi e Guglielmo Brechet . Turchia, Venezia , P. Naratovich ,1871-72 Vol.unico , tomi II.

لەم راپورتانە دا زۆر بەکەمی باسی کوردەکان کراوە ، تەنیا ئەوانە نەبێت کەلە نیوەی سەدەی حەڤدەم •

ئەگوستینۆ نانی Agostino Nani ١٦٠٠ ـ ١٦٠٣ ز دەڵێ ( تورکەکان بە پاڵپشتی لەشکرێکی یەدەك " احتیاط" کە پێك هاتـ[٧] تبوو لە جۆرجیەکان و کوردەکان کە نەوەی پارتەکانن Parti سەرکەوتنیان وەدەست دەهینا ••• ئەرمەنیەکانیان بۆ تێکدانی پیلانەکانی دوژمن و رێکخستنی سەربازی بەکاردەهێنا ، ژمارەیەکیش لەو کوردانەی کە کارامە نەبوون بۆ شەڕی دەریایی وەکو سەرباز بەکار دەهینا • بەرگی یەکەم •ل ٣٣ ) •

**ئوتە ڤیانو بون** Ottaviano Bon دەڵێ ( کوردەکان موسڵمانی شیعەن ) " بەرگی یەکەم ل ١١٤، بەلام لە راستیدا بەشێکی کەم شیعەن•

سیمۆن کۆنتەرینی Simon Contarini ١٦١٢ ز دەنووسـێ (کوردستانیەکان) Kurdistani بەرگی یەکەم ل ١٤٢ ، هەروەها دەڵێ (شەریف خاو Scerif Hau میری کوردەکان ، پیاوێکی زۆر بە دەسەلات و سەرداری ئەم ناوچانەیە) بەرگی یەکەم ل١٤٥ • دیسان دەنووسێ (هەندێ قەلاو قوللە لە لایەن سەردارانی کورد داگیرکراون) بەرگی یەکەم ل ١٩٨ •

کریستۆفورۆ ڤالیی Cristoforo Valier ١٦١٦ ز ناوی " میللەتە کوردەکانی " ژیر دەسەلاتی عوسمانی دەبات " بەرگی یەکەم ل ٢٦٤' هەمان شت لەسەر کوردەکان لە لایەن گیوڤانی کەپیللو Giovani Ca-ppello نووسراوە لە " بەرگی دووەم ل ١٣ " •

# پییترۆ دێلە ڤاللێ ١٥٨٦ - ١٦٥٢

## PIETRO DELLA VALLE

Pietro della valle , viaggio di pietro della valle il pellegrino descritti da lui medesimo in lettere famiIiari ,venetia,presso paolo Baglioni ,1667,vol.4.

ئەم سەرچاوەیە لە رووی زانیاریەوە لەسەر کوردان ، زور دەولەمەند و بەبایەخە • دێللە ڤاللێ بۆ چوونێکی کۆسمۆپۆلیتی لە نووسینەکانی دەردەبڕێ • " دێللە ڤاللێ بە شێوەیەکی زۆر مرۆڤانەو بەرێزەوە خۆی وەکو شورەسوارێکی ماقوول پیشان دەدا ، هەر شتێکی دیبێ لای غەریب نەبووە ، هەر میللەتێکی دیبێ بە دڵێکی فراوان

و پاکەوە سەیری کردووە و بەلایەوە بێگانە نەبووە ، هەمیشە هەستی بەوەکردووە و وویستوویەتی لە وولاتانی ئاوارەیی و دووری ، هەتا بگرە لای میللەتە درندەو سەرەتاییەکانیش خانەدانی و ماقوولی خوی پیشان بدات ٠٠٠٠٠ " ٧٢

ئەم ئامادەیی و رووخوشیە پر مروڤایەتیە ، لەگەل ئەو رۆشنبیریە دەولەمەندە رێگە بە دێللە ڤاللێ دەدەن بەبێ رارایی و بۆ چوونی نارەوا سەیری ئەو میللەتانە بکات کە رێگەی پێیان دەکەوێ و پەیوەندیان لەگەڵ دەکات ٠ یەکەم راپۆرتی بە گشتی لەسەر کوردستان دەنووسێ ( کوردەکان ، ئایین ، زمان ، داب و نەرێت و رۆلی ئافرەت بەکەمترین هەڵە باسی هەموو شتی دەکات ، لەگەل رەچاوکردنی ئەو گیروگرفتانەی بەهوی بارودوخی سیاسی و جوگرافی " جیوپۆلێتیك" ئەم وو لاتە کە کەوتوتە نێوان دوو ئیمپراتۆریەتی دژبەیەك تووشی میرنیشین و سەروکە کوردەکان بووبوون ٠ ٧٣

دێللە ڤاللێ لە ئازاری١٦١٧ز بەغدا بەجی دێلێ و روودەکاتە ئێران ، کاتی تێپەربوونی بەکوردستاندا راپۆرتێکی رێك و پێك لەسەر ناوچەکە دەنووسێ ، ئەو یەکەمین جیهانگەڕی ئیتالی بووە ، وەلەوانەشە لەسەر ئاستی ئەورووپاش کەبەشێوەیەکی دروست دەست نیشانی گەورەیی و فراوانی نیشتمانی کوردانی کردبێت ، کە لە بابیلونا " بەغدا " دەست پی دەکا تاکو دەگاتە نەینەوا لەسەرەوە لە لایەکی تریشەوە لە کەنداوی فارسەوە Persiano دەست پێ دەکا تاکو ئەرمینیا نزیکی دەریای رەش ( وادیارە سروشت ئەم وو لاتەی کردوتە سنوورو شوێنی بەیەك گەیشتنی دوو ئیمپراتۆری گەورەی ئێرانی و تورکی ٠ بەرگی ٢٠ل ٨ )

باسی تایبەتیەکانی زمانی کوردی لە " بەرگی ٢٠ل ٩" دەکا ٠ هەروەها دەربارەی ئایین دەڵێ ( لە رووی ئایینیەوە ئەمڕۆ کوردە-

کان موسڵمانن و پەیڕەوی یاساوئاینزاکانی " مذهب" تورك و فارسەکان دەکەن ، بەپێی ئەوەی میرو ئاغاکانیان لەبە رووی سیاسیەوە سەر بەکامەیان بن ، ئەوەش راستە کە کوردەکان لە چاو ئیسلامەکانی تر کەمتر دیندارن ، جگە لە نەرێتە ساختەکانی ئیسلام ، لەرووی ئایینەوە هەندی نەریتی تایبەتی خۆشیان هەیە بەرگی ٢٠ل ٩ ) ٠

ئەو زانیاریانەشی لەلایەن جیهانگەرانی تری دوای دێللە ڤاللێ بە شێوەیەکی زۆرتر دووپاتە کراونەتەوە [٧٤] ، بەلام دروستی ئەو بەڵگەو زانیاریانە دووبارەکراونەتەوە ، بەلام دروستی ئەو بەلگەو زانیاریانە لەلایەن ئەو لیکولینەوانەی لەسەر کۆمەڵگای کوردستان کراون سەلمیندراون[٧٥]٠

دەربارەی هەڵومەرجی سیاسیش جێگەی سەرنجدانە کە دەڵێ ( کوردەکان سەربە فەرمانڕەوایی چەندەها میری خۆیانن کە بە شێوەیەکی پشتاوپشت Hereditariy ماوەتەوە ٠ ئەوانیش یان سەربە تورکەکانن یان فارسەکانن بە پێی دوورو نزیکیان لەم دووانە بەلام هەندێکیان دەسەلاتێکی زۆریان هەیەو سەربەخۆن و خۆیان سەرداری ئەوناوەن ، هەندێکیان هێزی زۆریان هەیەو هەندێکیش کەم ، بەلام هەریەکە لەوانە توانای ناردنە مەیدانی ١٠ــ١٢هەزار سواری هەیە ، هەروەکو من یەکێکم لەوانە لە ئەستەمبوڵ بینی کە میری بەتلیس بوو[٧٦] ٠٠٠٠ ئەوانەی زۆر بە هێزن رازی نین ببنە پیاوی کەس ، تەنیا ئەوەندە نەبێ کە بەناو لە ژێر دەسەلاتی یەکێك لەو دوو دەوڵەتە بژین ، زۆر جاریش لەگەڵ گۆڕانی هەڵومەرج بە پێی بەرژەوەندیەکانیان ئالاکانیان دەگۆڕن ، وەکو هەندێ لە میرنیشینەکانی خۆمان لە ئیتالیا ٠٠٠ بەرگی ٢٠ل ٩ ) ٠

دێللە ڤاللێ دێتە سەر باسکردنی رۆڵی ئافرەت لە کۆمەڵی کوردە-

واریدا ، بە پێچەوانەی ئافرەتانی ئیسلام لە رۆژهەلاتی نزیك ( ٠٠٠٠ ئافرەتی کورد بەسەربەستی دێن و دەرۆن بەبێ ئەوەی روویان داپۆشن ، هەروەها لەماڵەوە قسە لەگەڵ پیاوان دەکەن جا چ خەڵکی ناوچەکەبن چ خەڵکی بێگانە ٠٠٠٠ بەرگی ٢ ل ١٠ ) ٠ [٧٧]

جگە لەوەش ئافرەت لەو کاتەی مێردەکەی لەماڵ نیە خۆی خاوەن ماڵەو پێشوازی لە میوانان دەکات ، بۆ ئەمەش دێللە ڤالێ رووبە رووی ئەو میوانداریە بووەو دەڵێ ( لێرە ئافرەتیك هەبوو بە ناوی خاتوون سوڵتان Chanun Sultan کە خاوەنی ئەو شوێنەو هەندێ شوێنی تربوو ٠٠٠٠ ناتوانری باسی ئەوە بکەین بە چ رووبەکی خوشەوە پێشوازیمان لیکرا ٠٠٠ مێردەکەی بە هۆی کارکردن لە لای پاشاوە لەماڵ نەبوو ٠٠٠ ئەوەی راستی بێ خواردنەکان کۆن و بێ تام بوون ، بەلام بە لای ئێمەوە زۆر زۆر لە خواردنی پاشایەتی سەردانە پالۆ Sardana Palo یان هێلیگۆ بالۆ Heligobalo بە تامتر بوو ، بە هۆی ئەو هەموو رووخۆشی و رێزگرتنەی پێشکەشی ئێمەیان کرد ٠٠٠٠بەرگی ٢ ٠ ل ١٦ ) [٧٨]

راستی و دروستی راپورتەکەی دێللە ڤالێ لە لایەن جیهانگەرانی پاش خۆی دووپاتە کراونەتەوە و زیاتر دەست نیشان کراون و لە لێکۆلینەوەکانی سەدەی ١٩-٢٠ ز دا پەرەیان پێدراوە ٠

# ئەنجلو لیگرێنسی

## ANGELO LEGRENZI

Angelo Legrenzi , Il pellegrino nell' asia cioe viaggi dell'dottor Angelo Legrenzi ....., Venetia. per Domenico valvasense, 1705, part : 2

ئەم راپۆرتە بریتیە لە سەرجەمی گێڕانەوەی سەفەرێك و پڕیەتی لە زانیاری ناتەواو و هەڵە ، جگەلە خاڵێك نەبێت کە شایانی دەست نیشان کردنە ، ئەویش بریتیە لە باسێك بەناوی (نەتەوەی کورد Della Natione de curdi بەرگی ٢ ل ٥٨ ) ئەوەش نیشانەی ئەوەیە کە کوردەکان لەو کاتەوە بەنەتەوەیەکی سەربەخۆ درابوونە قەڵەم ، نەك لە چوار چێوەی تیرەو هۆزایەتی ٠ وادیارە نووسەری ئەم باسە بۆچوونێکی لە رادەبەدەر نێگەتیڤی بەرامبەر کوردەکان هەیە ، باسی هەندێ شتی پڕوپووچ و بی مانا دەکاودەڵێ ( ٠٠٠٠ کوردەکان بەبێ رابەرێکی ئایینی یان ماددی " میر ـ سەرۆك خێل ـ وەرگیر " دەژین ، بۆیە جیگەی سەرسورمان نیە ئەگەر بووبن بە نێچیری هەموو داوێن پیسیەکی ئەخلاقی ، لە دەم و چاو زیاتر لە دروندە دەچن لەوە کە مرۆڤ بن ٠٠٠٠ بەرگی ٢ ل ٥٩ )

دەڵێ کوردەکان بەش بووین بۆ سەر چەند ئایینزاو رێبازێکی ئایینی ، دەست نیشانی یەزیدیەکان Nesidi دەکات ودەڵێ (شەیتان پەرستن بەرگی ٢ ل ٥٩ ـ ٦٠ ) ٠ لە کۆتایی چەند زانیاریەکی

دەربارەی هەندێ لە شارە کوردیەکان دەنووسێ ، وەکو بەتلیس Bitlis (بەرگی ۲٠ل ٦٢-٦٤) ، مووسڵ و هەولێر Mossul-Arbil (بەرگی ۲ ل ٦٧ـ ٧٠) ، هەروەها کەرکوك Chercu بە تکریت Takrit دەداتە قەڵەم (بەرگی ۲ ـ ل ٧١)

ئەم باسانە بریتین لە گێرانەوەی مێژووی کۆنی " دێرینی" ئەم شارانە ، بەڵام دەربارەی هەڵومەرجی شارەکان لەسەدەی ١٧ ز زانیاریەکی زۆر کەم دەست نیشان کراوە کە پڕیەتی لە ناتەواوی و هەڵە٠

# فرانکیسکۆ گیمێلی کەرێری ١٦٥١ - ١٧٢٥

**FRANCESCO GAMELLI CARERI**

Gio.Erancesco Gemelli careri, Giro del mondo del dottor Gio.Francesco Gemelli careri , Venezia, Giovanni Malachin , 1719, vol .9.

ئەم نووسینەش چەند کورتەباسێکی لەسەر کوردە کۆچەریەکان تیایە (٠٠٠٠ لەو دەشتە بە پیتانە چاومان بە زۆر خێڵی کورد کەوت کە کەل و پەل و رەشماڵەکانیان خستبووە سەر پشتی ووڵاخەکانیان بەم شیوەیە لەگەڵ مەڕو ماڵاتەکانیان دەژین ، هەموو ساڵی بەو مەڕو ماڵاتەوە بەدوای پاوان و میرگەکان دا دەسووڕێنەوە ٠ بەرگی ١ ل ٣١٣) ٠

کەرێری بەسەرهاتێك دەگێڕێتەوە کە کوردەکان باجیان لێ سەندووە (بەرگی ۲ ـ ل ٥) ٠

# سەدەی هەژدەمی زاینی

# گ. فرانچیسکۆ پیڤاتی

## G.FRANCESCO PIVATI

G.Francesco Pivati, curdi, in [Nuovo Dizionario scientifico e curioso sacro-profano di Gianfrancesco Pivati dottore delle leggi] venezia, per Benedetto milocco ,1746-51 ,vol.10.

ووشەی کوردەکان Curdi " بەرگی ٢- ل ٧٦٤ " لەم فەرهەنگە دا بە سەرجەمی هەموو ئەوبیروباوەڕو ئایینزاو ئاکارە هاوبەشەکانی ناوچەکەی تومارکردووە ، کە گرنگی و بایەخی زانستیان زۆرکەمە بەلام لەگەڵ ئەوەشدا بۆ ناسین و لێکۆڵینەوەی ڕێبازەکانی ئەوکاتە " سەدەی ١٨از - وەرگێڕ " سوود بەخشە .

دەڵێ کوردەکان ( میللەتێکی ئاسیایین ، بەشێك لە تورکیای ئاسیادا دەژین و بەشێکیش لە ئێران تاکو ئەوبەری رووباری دیجلە دەژین ، پایتەختەکەیان شاری بەتلیسە Betlis ) ئەو شارەش لە کاتی خۆی دا پایتەختی هەمان میرنیشینی بەتلیس بووە ، بەلام لە سەدەکانی رابردوو بە پایتەختی رۆشنبیری و مەعنەوی هەموو کوردستان دادەنرا . پیڤاتی کوردەکان بە یەزیدی دادەنی و دەڵێ ( .... ئەوان یەزیدین و راران و سیفاتی هیچ جورە ئاینێکیان پێوە نیە .....) لە کاتیکدا ئێمە دەزانین کە یەزیدیەکان کوردن ، ئەگەرچی ئاینیکی تایبەتی خۆشیان هەیە [٨٢]. پیڤاتی تەنیا باسی کوردە کۆچەریەکان و ئەوانەی خەریکی راووڕووتن دەکات ، بەبێ ئەوەی دەست نیشانی

ئەو کوردانە بکات کە نیشتەجێ بوون ، یان باسی میرنیشینەکانیان بکات • هەر لەم باسەدا ووشەی دیاربەکر ـ مووسڵ ــ Mossul-Diar bech oDiarbecher دەکەونە بەرچاو •

ئاستی ئەم نووسینە لە باسی ئافرەتی کورددا هەست پێ دەکرێ و دەتوانین هەڵی سەنگێنیین کە دەڵێ ( ئافرەتەکان بە شیك ئەسپ و بەشێکیش گاجووت لە سوار سوارین دا بەکاردێنن ، خۆیان واپیشان دەدەن کە بەهێزو چاپووکن ، بەلام پیس و چڵکنن ، لە روخساردا هەست بە لێوەشاوەیی و زیرەکیان دەکرێت ، چاویان گەش نییە ، دەمیان گەورەیە ، پرچیان رەشە ، رەنگی دەم و چاویان گەنمیەو پریەتی لە خاڵی سوور ) •

# لیاندرۆ کۆتەلۆردە ١٧٨٤ - ١٧٠٤

## LEANDRO COTTALORDA

Leandro di S.Cecilia , Persia , ovvero secondo viaggio di F. Leandro di santa Cecilia carmelitano scalzo in Oriente , Roma , Angelo Rotilj , 1753, pp. 280.

ئەم کابرایە میسیونێرە چەند کورتە زانیاریەك لەسەر کوردەکان دەنووسێ کە شتی زۆر سەرسوورهێن نین وەکو جەردەیی و رێگری " لاپەرە ١١ " باج وەرگرتن کە کاتی خوی گیمێللی کەریزی دەست نیشانی کردبوو ، کە دەبوایە رێبوارەکان بیدەن ( •••• گەیشتینە گوندێك بەناوی حەسەن کیف Asenkef دەڵێن گوایە کاتی خۆی

قه‌لایه‌كی سه‌خت بووه ‎٠٠٠‎ به‌گێكی كورد له‌و ناوچه‌یه دادەنیشی باج چ له ڕێبواران و چ له بازرگانه‌كان وه‌رده‌گرێ ، ئه‌و كابرایه سه‌ربه فه‌رمانڕاوه‌یی ناوه‌ندی توركیا نیه ، به‌لكو سه‌ر به هی پاشای بابیلونه " به‌غدا " Babilonia ل ‎١٤‎ )

Leandro di S.Cecilia, Mesopotamia , ovvero terzo viaggio di F.Leandro di S.Cecilia carmelitano scalzo in Oriente , Roma , Angelo Rotilj , 1757,pp.174

كۆته لۆرده لیره‌دا باسی ئه‌وه ده‌كات كه فه‌رمان و هه‌لسوكه‌وتی پاشای به‌غدا بوو به هۆی یاخی بوون و ڕاپه‌ڕین له نێو كورده‌كان (‎٠٠‎ ‎٠٠٠‎ هه‌ندێ له میرو سه‌رداره ڕاپه‌ڕیوه‌كانی كورد ‎٠٠٠٠‎ ل ‎١٨‎ ) له‌ئه‌نجامی هه‌وڵدان بۆ دامركاندنه‌وه‌ی ئه‌م ڕاپه‌ڕینه پاشا ده‌مرێت ٠

## ماوریتسیۆ گه‌رزۆنی

## MAURIZIO GARZONI

Maurizio Garzoni, Grammatica e vocabolario della Lingua kurda , Roma,stamperia della Sacra Congregazione di propaganda Fide,1787 ,pp288.

ئه‌م كاره ( ڕێزمان و فه‌رهه‌نگی كوردی ) به شتێكی بنچینه‌یی له

مێژووی کوردی دادەنرێ ، لەبەر ئەوەی یەکەم دان پیانانە لە روا ــ
نگەیەکی زانستیانە بۆ رەسەنایەتی و سەربەخۆیی زمانی کوردی ،
هەر بەهۆی ئەم کارەشەوە گەرسۆنی نازناوی باوکی کوردناســـــی
Padre della curdologia [85] و رێبەری رێزمانی کوردی-The pione-er Kurdish grammarian [86] وەرگرتووە .

پرێداری Predari دەڵێ ( هەرگیز کەس لەنێو رۆژهەلاتناسەناو ــ
دارەکانی ئەوروپا پێشتر بیری لە زمانی کوردی نەکردبووە ) [87] .

هەروەها دێ گوبێرناتیس De Gubernatis دەست نیشانی ئـــەوە
دەکات کە گەرسۆنی ( شایانی ئەوەیە لەریزی پێشەوەی زمانناسانی
رۆژهەلات دابنرێت ) . [88]

ئەم فەرهەنگە لە ماوەی سالانی ١٧٦٤ــ ١٧٧٠ ز دا نووســــراوە ،
لە نزیکەی ٤٦٠٠ ووشە پێکهاتووە [89] ، لەگەڵ هەندێ شێوەی رێزمانـــی
کوردی ، بە شێوەیەکی ناتەواو بە تایبەتی لە رووی فۆنۆتیکی دەنگە
کان ، لەبەر ئەوە بەکارهێنانی لەم سەردەمەدا رووبەرووی چـــەنـــد
گیروگرفتێکمان دەکات ، بەلام گەرسونی خۆشی دان بەو ناتەواویــە
دادەنێ و لە پێشەکی فەرهەنگەکەدا دەڵێ ( بەراستی دان بەوەدادەنێم
کە ئەم رێزمان و فەرهەنگە لەکەم و کووڕی بێ بەش نابێت ، بـــەلام
یەکێك لەو کەسانە دەبم کە بەچاوی رێزو دڵێکی فراوانەوە ســـەیرم
بکرێت ، چونکە من یەکەم کەسم کەبەبێ یارمەتی هیچ کەس و بەبـــێ
هیچ کتێبێك و زمانێکی تر ئەو ئەرکە سەختەم گرتە ئەستۆ بۆ ئەوەی
تیشکی روناکی بخەمە سەر زمانێك کە تاکو ئێستا نادیارو نەنـــا-
سراوە ، ئەوەش تەنها بەمەبەستی یارمەتی دانی میسیۆنێرەکانـــی
داهاتوو . ل ٩) .

گەرسۆنی دەڵێ رەچەی کورد لە زمانی فارسی " ئێرانی " هاتووە
( بەپێی تێپەربوونی کات لای داوەو هەندێ ووشەی عەرەبی و Caldee

کلدانی گرتوته خوی ،بەشیوەیەکی جەوهەری و یەکگرتوو جیابوتەوە٠ بەم شیوەیە لەماوەی چەند سەدە پیش ئیستا زمانیکی تایبەتی پیـــك هاتووە و لە زمانەکانی تریش جیایە ٠ل ٣ )٠

ئەو میسیۆنێرە دومێنیکیە دەست نیشانی ئەوەدەکات کە زمانـــی کوردی تەنیا زمانی قسەکردنەو لە ئەدەبیات " نووسین " دا بەکـــار نایەت ، بەم جۆرە چاوپوشی لە بوونی ئەدەبیاتێکی کۆن و پشتاوپشت دەکات ٠[90] دەڵێ ( ٠٠٠ کوردەکان لە نووسیندا زمانی فارسی ئەدەبـــی بەکار دێنن کە جگە لە پیاوە زاناکانیان نەبی کەسی تر لێی تێ ناگا هەروەها مەسیحیەکانیش هەریەکە زمانی تایبەتی خۆیان لە نووسیندا بەکاردێنن ، ناستۆریەکان Nestoriani بە زمانی کلدانی Caldei و ژاکۆبیتەکان Giacobiti بەزمانی سریانی Siliani و ئەرمەنیەکـــان زمانی ئەرمەنی بەکاردێنن ، بەلام هەموویان دەبێ زمانی کـــوردی بزانن ، نەك تەنیا بۆ بەرژەوەندی بازرگانی لەگەڵ ئیســـلامەکـان بەڵکو بۆ بەرژەوەندی خۆیان لەبەرامبەر گەورەکانیان "پـــادرۆن" Padroni ل ٨ ) ٠

گەرسۆنی دەست نیشانی پێنج دیالێکت لە زمانی کوردی دەکات و هەریەکە بە پێی میرنیشینەکانیان " قەلاچوالان Kalaciolan — ئامێدی Amadia — جۆلەمێرگ Giulamerk جەزیرە Gezira — بەتلیس Betlis ٠٠٠٠ ل ٤ ) ٠

بۆ نووسین و دانانی ئەم فەرهەنگە سوودی لە شێوەی ئامێدی وەرگر- تووە[91] کە بۆ ماوەیەکی زۆر لەم شارە ژیاوەو[92] لە شێوەکانی تری بەبـــێ گەردتر زانیوە ، لە داهاتووش دا هەر ئەم شێوەیە لەناو شـێوەکانی[93] کرمانجی Kurmangi بۆتە کەرەسەی تۆژینەوەو لێکۆڵینەوە، بەهۆی بەهێزی و دەست رۆیشتنی ئامێدی لەرووی سیاسی و ئابوورییەوە ٠

گەرسۆنی لەم پێشەکیە کورتەدا دەست نیشانی چەند خاڵێـــکی

گرنگ لەرووی جوگرافی ، ئابووری ، میژووو سیاسەتی کوردستان دەکا کە ( ۰۰۰ بۆ پێنج میرنیشینی گەورەی ئیسلامی دابەش بووە ، هەندێکیان سەرانە بە دەوڵەتی تورکیا دەدەن و هەندێکیشیان بە دەوڵەتی ئێران ۰ میرنیشینەکانیش بریتین لە بەتلیس ، جەزیرە ،کە لەلایەن هەندێ جوگرافی ناسەکان بە وولاتی بۆتان Bottani ناسراوە، ئامێدی ، جۆڵەمیرگ ، قەلاچولان ۰ هەریەکە لەوانە توانای ناردنە مەیدانی لەشکرێکی ۱۲ هەزار کەسی هەیە ۰ل ۳ ) ۰

گەرسۆنی زیاتر بۆناو ئاکارەکانی چونیەتی وەدەست هێنانی دەسەلات قوول دەبێتەوە ،( بوون بەمیرو سەرۆك هۆز پشتاوپشت لە باوکەوە بۆ کورەکەی نیە ، بەلکو ئەوکەسەی لە هەموان لێوەشاوەو بە هێزترو لە هەمان هۆزو بنەماڵە دوای مردنی میر یان سەرۆك جێی دەگرێتەوە ، لەپێش مردندا هەرگیز دەست نیشانی جێگری خۆیان ناکەن ، تەنیا دوای چەند شەڕو شۆڕو خیانەت کاری نەبێ ۰ ئەو میللەتە دڕوندەو بێ ئیمانە بەسەر چەندەها خێڵ و هۆز دابەش بوون کە ئەوان پێی دەڵێن عەشیرەت Assireta ، هەریەکە لەو عەشیرەتانە سەرۆکی تایبەتی خۆی هەیە کە لەلایەن میرەوە دەست نیشان کراوە ، وەهەر ئەو عەشیرەتانەش لەشکری میر دروست دەکەن ، زۆر جاریش وا روودەدات سێ و چوار عەشیرەت لە دژی میر یەك دەگرن و رادەپەڕن ، ئەگەر سەرکەوون ئەوا میر لەسەر تەختی فەرمانڕەوایی دادەبەزێنن و یەکێکی تر لەهەمان بنەماڵە دەکەنە میر ۰۰۰ل ٥ - ٦ )۰ ٩٤ - ٩٥

گەرسۆنی هیچ نووسینێکی تری لەسەر ئەم باسە بەجێ نەهیشتووە ، ئەوەش مایەی زیانێکی گەورەیە بو زانیاری و ناسینی کوردو کوردستان لەو کاتە دا ، بە هۆی ئەو زانیاریە رێك و پێکانەی لە پێشەکی فەرهەنگەکە نووسیویەتی ، شارەزایی و زانایی ئەو لە کوردناسی دا دەسەلمێنێ ۰

# دۆمینیکۆ سێستینی ١٨٣٢ - ١٧٥٠

## DOMENICO SESTINI

Domenico Sestini , Viaggio da Costantinopoli a Bassora, ۹۷ Yverdun,1786,pp.265

راپۆرتی ئەم گەشتە چەند کورتە زانیاریەکی لەسەر کوردەکان تیایە ، بەلام بەشێوەی دۆکومێنت نووسراون . نووسەر زۆرجار دەست نیشانی نووسین و کاری ئەو جیهانگەرانە دەکات کە پێشوو سەریان لە کوردستان داوە ، ئەو باسانەی جێگای بایەخ و سەرنج دانن بریتین لە مەسەلەی سیاسەت و رۆڵی ئافرەت " ل ١١١ " بەم شێوەیە باسی ژیانی کۆچەری عەشیرەتی روشیڤان Ruscivan و هۆیەکانی جەردەیی و رێگریان دەکات ( پاشای خۆیان هەیەو سەربە ئەون ، ئەو پاشایەش کەم گوێ بە ئەرك و فەرمانەکانی پاشای گەورە " سوڵتان" دەدات . هەروەکو زۆربەی میر و ئاغاکانی تر ، سەرەڕای ئەوەش ئەم پاشایە سالی ١٠٠ کیسە پارە " زێڕ - وەرگیر " بەدەوڵەتی عوسمانی دەدات ، ئەم پارەیەش لە میللەتەکەی خۆی دەستێنی ، بەم شێوەیە میللەتەکەش لەبێ پارەیی و دەست کورتی ناچاری راوو ڕووت کردن دەبێت ، بەم جۆرە ئەو پارەیەی دەیداتە دەوڵەت لەوانی دەستێنێ ، ئەوانیش لە خەڵکی تر . ل ٨١ ) .

دەربارەی چۆنیەتی باسکردنی کۆچەریەکان دەڵێ ( لە شێوەی گورەپانێکی فراوان دەچێت ، رەشماڵی ماڵی ئاغا هەمیشە لە ناوەڕاستایە و لە هەمووشیان گەورەتر و خۆشتر و حەساوەترە، دوای

ئەوە رەشماڵی بچووکتر دێن ، هەمیشە لە نزیك کانیاو یان رووبار هەڵی دەدەن ، لەبەر ئەوەی ئاو شتێکی زۆر پێویستە[٩٨] ۰۰۰۰داهات و دەوڵەمەندی خیزانەکانیش بەکەم و زۆری ئەو مەروما ڵاتەی هەیانە بەستراوەتەوە ، لەبەینی رەشماڵەکانیش هەمیشە ماوەیەك "مسافة" هەیە ، ئێواران پاش گەرانەوە لە مێرگ و پاوانەکان هەرکەسە مێگەلەکەی خۆی دەباتە نزیك رەشماڵەکەی خۆی بۆ ئەوەی لە ترسی دزی چاوەدێریان لێ بکات ) " ل ۱۳۰ " ۰[٩٩]

راستی و دروستی ئەو زانیاریانەش لەوە دەردەکەوێ کاتێ دەڵێ ( ۰۰۰۰ یەزیدیەکانیش لە رووی نەتەوایەتیەوە کوردن ۰۰۰ل ۱٤۷ ) ۰

بۆ ئەم رایەش لەوانەیە سوودی لە زانیاریەکانی گەرسۆنی لە چاوپێکەوتنێك دا وەرگرتبێ " ل ۱٥۱ "۰

باسی چەند زانیاریەکی تایبەتی لەسەر سەختی و قایمی قەڵاو قوللەکانی شاری بەتلیس دەکات کە پاڵەوانانە توانی لەبەرامبەر گەمارۆی ئەلیکسەندەری مەکدۆنی بوەستی ۰ بەلام لە کاتی هێرشی تورکەکان لەسەردەمی سوڵتان حەسەن Sultan Hasan دوای سێ ساڵ گەمارودان خۆی دابەدەستەوە ، ئەوەش دوای مردنی تەواوی دانیشتوانەکەی لەبرسان ، تەنیا حەوت کەس بە زیندوویی دەرچوون ل۱۳۳۰ ۰

لە کۆتایی دا چەند شتێکی ترئەلەسەر ئامێدی " ل ۱٦۱ ــ۱٦۲ " و مووسڵ " ل ۱٥۱ ــ۱٦۰ " نووسیووە ۰

# سەدەی نۆزدەمی زایینی

## گیۆزێپێ کەمپەنیلێ ١٨٣٦-١٧٦١

### GIUSEPPE CAMPANILE

Giuseppe Campanile , Storia della regione dell Kurdistan e delle sette di religione ivi esistenti, Napoli, dalla stampateria de' Fratelli Fernandez, 1818 PP.XX,213

ئەمە یەکەم نووسینە کە چ لەسەر ئاستی ئیتالیا چ لەسەر ئاستی جیهان بەچاپ گەیشتبێ [١٠١]، کەبەتەنیا لە سەر کوردستان لــە رووی چۆنیەتی پێکهاتنی کۆمەلایەتی ، سیاسی ، ئابووری ، ئاینـــی کۆمەلانی خەلکی ناوچەکە بتۆژێتەوە . ئەم کارەش تەواو کەرودرێژە دانە بە نووسینەکەی گەرسۆنی کەتایبەت بەزمانی کوردی بوو ، ئەم دوو نووسینە تەواو کەری یەکتری و بەردی بناغەی لێکۆلینەوەکانـــی دوابەدوای ئەون ، ئەگەرچی فەرهەنگەکەی گەرسۆنی لەسەر ئاســـتی جیهان ناسراوە ، بەلام هی کەمپەنیلێ زۆر لەو کەمتر لەلایەن زانا و شارەزایان ناسراوە [١٠٢]، سەرەڕای ئەوەی بناغەیەکی سەرەکیە لــە رووی زانیاری و دەنگ و باسی زۆر زۆر بەبایەخ لەم روژگارەدا . خالیێــکی نەگەتیڤ لە نووسینی ئەم کابرایە بەرچاو دەکەوێ ئەویش هەلوێستی دژبەکورد Anticurda ، ئەوەش دەگەرێتەوە بۆ حالی نەبـــوون و تێ نەگەیشتن لە داب و دەستووری خەلکەکە ، تادەگاتە ئەو پلەیەی کـــە

پێشنیاری بەخێوکردنی بەراز Maile بۆ کەم کردنەوەی هەژاری و دەردەسەری خەڵکەکە ." ل ۲۰۷ ".

بەم شێوەیە باسی کۆمەڵی کوردەواری دەکات ( کوردەکان،نزیکەی هەموویان شوانی گێل و نەزانن ، تەمبەڵ و رەزاگرانن ، سست وبێ هێزن ، سەرگەرم و کەللەرەقن ، دووروون لە بەڵێن و سوێندخواردن ، سوێندخواردن لای ئەوان تەنیا بۆ کات بردنەسەرە ، زۆرخۆرن ئەگەر هەڵیان بۆ برەخسێ ئەوە بەقەد مانگایەك نان دەخۆن ، زۆر حەزیان لە چەوری و ئەو شتانەیە کە بۆ گەدە خراپن ، زۆربەیان دزن ،وادیارە پیشەیەکی تر جگەلە دزی نازانن ، بەلام لە شەرکردندا زۆر ئازاو چاونەترس و بەهێزن ، رێزی پیاوی زانا و ماقوول دەگرن ، هەروەها زۆریش چاوچنوکن . "ل ۳ " .

ئەم نووسینە لە ۸ بەش پێك هاتووە ، هەر بەشەش بو چەند بابەتێك دابەش کراوە کە لایەنە سەرەکیەکانی کۆمەڵگای کوردەواری شێ دەکەنەوە .

بەشی یەکەم پەیوەندی بە مەسەلەی سیاسەتەوە هەیە ( میرنیشینە-کانی کوردستان و دەسەلاتیان .... بەشی ۲ـل ٥ ـ ٦٧ ).

کەمپەنیلێ کوردستان بەسەر ۷ میرنیشینی سەربەخۆ دابەش دەکات ( بەتلیس Betlis ، هەکاری Agari ( زور جاریش بە شامبۆ Sciambo ناسراوە ) ، بۆتان Botan ، بادینان Badinan سۆران Soran ( ناوچەی کویسنجق " کۆیە " ، بابان Baba " سولەیمانی ، قەلاچۆلان Karaciolan ل٥ ) .

باسێکی رێك و پێکی ئەو میرنیشینانە دەکات لەوانە بادینان کە پایتەختەکەی ئامێدیە ، بابان پایتەختەکەی سولەیمانیە ،دەنووسی ( ئامیدی شارێکی زۆر سەخت و قایمە ، ۷ وەزیرو چەندەها پاشای ئەو ناوە زۆر جار هەوڵیان داوە داگیری بکەن ، بەلام نەیانتوانیوە ،

بەچەند توپێکی بچووك کە جیگەی سەر سوورمانە چون توانیویانـــە بیگوازنەوە بۆ ناو شار ، توانای ئەوەیان هەیە بەرامبەر گەورەتریـــن و بەهیزترین لەشکری ئاسیایی رابوەستن ، ئەم تۆپانە لە لایـــــەن باران پاشاوەBaran Bascia کە دەکاتە باپیری پاشای ئێســـتا دروست کراون ٠ل ٢٥ ) ٠ هەروەها دەڵێ ( گەورەترین و بەدەسەلاتر-ین میرنیشین تاکو ئێستا کوردستان بەخویەوە بینیبێ بریتیە لـــە بابان ، میری ئەم ناوە نازناوی پاشای هەیەو فەرمانڕەوایـــی دوو دەوڵەت دەکات ، یەکیان ئەو شوینەی کە خوی لێی دادەنیشێ( واتــە سولەیمانی - وەرگێڕ " ئەویتریان قەلاچوڵانە کە جێنیشـــینەکەی فەرمانڕەوایی دەکات ٠ زەوی و زاری ئەم ناوچەیە لە هی هـــەمــوو ناوچەکانی تری کوردستان بەپیت ترەو زیاتر بۆ کشت و کاڵ دەســت دەدەن ، جم و جۆڵی بازرگانی لێرە سست و لاوازنیە ، بەڵکو هات و چۆی بازرگانە بێگانەکان و ئەوانەی لە وولاتانی دوور دێن زۆرچـــاك هەستی پێ دەکرێت ، دانیشتوانی ئەم ناوچەیە حاڵیان خۆشەو دەوڵەمەندو رووخۆشن ، هەر رۆژەی چوار جار نان دەخۆن ، خەڵکێـکـــی زۆر جەنگاوەرو بەهێزن کە کوردستان بتوانی پشتیان پێ ببەســـتێ و شانازیان پیوە بکات ) " ل ٤٤ - ٤٥ " ٠[١٠٣]

لەبەشی سێ یەم بەناونیشانی ( دەربارەی راو بۆچوونی کوردەکان بەرامبەر ئایینی خۆیان ٠٠٠٠ل ٧٠-١٤٥" ، بەلام نووسەر تەنیا بە باسی ئایینەوە ناوەستی بەڵکو باسێکی دووروودریژو رێك و پێـــك دەربارەی نەریتە ئایینیەکان و ئەفسانەو جادوگەری دەکات ، کـــە خۆشی بەشداری لەوجۆرە رەفتارانە کردووە بەبێ ئەوەی هەستی پـــێ کردبێ ٠[١٠٤] هەر لەم بەشەدا باسی داب و نەریت ، بەرهەم و بازرگانـی ، جل و بەرگ ، هونەر ، خواردن ، بەزم و رابواردن دەکات ٠

بەشێکی درێژیشی بۆ یەزیدیەکان تەرخان کردووە " ل ١٤٦ - ١٦٥"

بەشەکانی تریش باسی خێڵە کوردە کوچەریەکان ودانیشتوانەکانی تری کوردستان دەکات ( کوردە مەسیحیەکان ، تورکەکوچەریەکان ، عەرەبەکان ، تورکمانەکان ، سابیەکان Sabei ۰۰۰۰ هتد ۰)

بەشی کۆتایی جێگەی بایەخ پێدانە کە باسی گرنگی کوردستان لەرووی سوپایی - سیاسی - بازرگانی ، ل ۲۰۳ - ۲۱۱ ) دەکات ،کە تاکو ئێستا لەم رۆژگارەش ئەو باس و بۆچوونانە راست و رەوانن و کاریگەری خۆیان هەیە ۰

دەربارەی گرنگی شوێنی کوردستان دەڵێ ( ئەم وولاتە سەخت و شاخاویە پارچەیەکە لە جیهانی ئەمڕۆ و جوانترین و بەهێزترین قەلا و قوللەیە کە لە لایەن سروشتەوە دروست کراوە و پارێزراوە ، کوردستان سەنگەریکی ئەمینە بۆ پاشەکشەو حەسەناوەی هەر لەشکرێکی کە شەڕی پارتیزانی " پێشمەرگانە " لەم دەوروپشتە ئەنجام بدات۰ ل ۲۰۳-۲۰٤ ) ۰[105]

کەمپەنیلێ دەست نیشانی دەوڵەمەندی کوردستان لەرووی ئابووری و بازرگانیەوە دەکات ، کەبە دڵنیاییەوە یەکێکە لە دەوڵەمەندترین وولاتانی رۆژهەلاتی نزیك بەهۆی بوونی سامانێکی زۆری کشت وکاڵ و کانەکان ، بەتایبەتی سامانی نەوت[106] ، لەم بارەشەوە دەڵێ ( هەموو ناوچەکانی کوردنشین لە ناوچەی شاخاوی و سەخت پێك هاتووە ،پڕە لە دۆڵی بچووك بچووك و چەند دەشتێك لە بەشی خوارووداا ،هەروەها ژمارەیەکی زۆر رووباری تیایە ۰ ئەم میللەتە ئەگەر بێتوو هوشیار و بەسەر خۆبێتەوە ئەوا دەتوانێ دەسکەوت و قازانجێکی زۆر لەو چیا سەختانە وەدەست بێنێ ، بەبێ ئەوەی پێویستی بە میللەتەکانی دەورو پشتی هەبێ و کۆتایی بەم کارە بێ ئابڕوویەش بهێنێ لە راوو ڕووت و پیاوکوژی ۰ ئەگەر بێت و گرنگی بەو دارستان و جۆرەها درەخت و گولانە بدەن ئەوە نەك هەر بۆخۆیان سوودبەخشە بەلکو بۆ

تەواوی ناوچەکە بگرەلە سوریا Siria ، ئاشوور " ئاشووریەکان - و " Assiria ـ کلدان " کلدانیەکان - و " Caldea ، فەلەستین Palestina ، عیراق Irac و بەشێکیش لە ئەوروپا ، بەڵام ئاستی بیرکردنەوەی ئەو خەڵکە کۆسپێکن بۆ هەلکەندنی چاڵەکانەکان کە لەسەر ئەو شاخانە سەرچاوەیەکی لەبن نەهاتوون لە جۆرەها میتاڵی جۆربەجۆری بە نرخ ٠ ئەو دۆلانەش بە تەنیا سەرچاوەیەکی تەواون بۆ بەرهەم هێنانی باشترین پەنیر و خوری ، دەشتەکانیش توانای بەرهەم هێنانی دەغل و دانێکی باشیان هەیە ، کەبەلای کەمی بۆلەناو بردنی ئەو قات و قریەی بە هۆی کەمی دانەوێڵە هەیە ، ناکرێت بە یارمەتی ئەو رووبارە زۆرانەش پیشەسازی پەرەی پێ بدرێت !
کوردستان گەنجینەیەکی شاراوەو نەناسراوەو بێ خزمەتە ، سەرەرای ئەو هەموو خێرو خێراتە زۆرە دانیشتوانەکەی لە هەژاری وکۆڵەمەرگی دەژی ) " ل ١١٨ ـ ١١٩ " ١٠٧

## گیوڤانی بەتیستە رامپۆلدی ١٨٣٦ - ١٧٩١

**GIOVANNI BATTISTA RAMPOLDI**

Giovan Battista Rampoldi, Annali musulmani, Milano , Felice Rusconi, 1822-26 , vol.12

لەم نووسینە داچەند زانیاریەکی کەم دەربارەی کوردەکان بەرچاو دەکەون ، وەکو گێرانەوەی شەرێك لە کوردستان لە ساڵی ١٨٣٧ ز دا " بەرگی ٤ ـ ل ٢٦٤ " ، هەروەها باسی ئەوە کراوە کەلە ساڵی ٨٩٥ ز ( خەلیفە موعتەدید Kaliffa Al Motaded سەرلەنوێ لەگەڵ کورد-

ەکان و ئەمیر ئیبن هەمەدان Emi Ebn Hamadan دەکەوێتە شەڕ کردن ، ئەم ساڵ بەختی لەساڵی رابردوو باشتربوو و توانی شاری ماردین Mardin داگیر بکات ٠٠٠٠ بەرگی ٥ ـ ل ٨١ ) ٠

لە پەراوێزی ٢٥ باسی مێژووی کورد دەکات هەر لە رەچەڵەکەوە تاکو ئەو کات ، بەلام پڕە لە هەڵەو ناتەواوی ، بەتایبەتی لە رووی مەزەندەکردن و گرێدانەوەی ریشەی کورد بۆ عەرەب " بەرگی ٥ ـ ٣٩٦
١٠٩
، دەربارەی دەنگ و باسی نوێی ئەوکات ، لە کتیبەکەی نەیبسور Niebuhr وەرگیراوە بەلام بەبێ ئەوەی دەست نیشانی بکات کە دەڵێ ( لە ساڵی ١٧٨٤ز ژمارەی ئەوکەسانەی توانای چەك هەڵگرتنیان هەبوو لەناو هەموو کۆمەلانی خەڵك١٤٠ هەزار کەس تێپەری دەکرد ، بەرگی ٥ ـ ل ٣٩٧ ) ٠

## گیولیۆ فێراریۆ

## GIULIO FERRARIO

Giulio Ferrario, Il costume antico e moderno o storia del governo , della milizia , della religione, delle arti , scienze ed usi di tutti i popoli anticchi e moderni , Milano , tip . dell'Editore , 1818-29 , vol.21

لەم بەشەی کە پەیوەندی بە ئێرانەوە هەیە لەم نووسینە دا باسی کوردەکان کراوە ( ٠٠٠٠ماڵتێ ـ برون Malte-Brun ژمارەیان بە ٩٠ هەزار دەداتە قەڵەم ، بێ حسێب کردنی ئەو کوردانەی بە کشت وکا ـ ڵەوە خەریکن ٠٠٠٠ بەرگی ٣ ل ٥٧٥ ) ٠ باسی کۆچەرایەتی

کوردەکان و کەمی بەکارهێنانی چەکی نوێ و کەمی ژمارەی ئـــــەو
کەسانەی لە شارەکان دەژین دەکات ٠( بەرگی ٣ ـ ل ٥٧٦ ) ٠

## گ ـ ب ـ مارگەرۆلی

**G.B.MARGAROLI**

G.B.Margaroli, Dizionario Geografico storico dell'impero Ottmano complitato da G.B .Margaroli che fa seguito alla Turchia osservata dallo stesso autore , Milano , presso I' Editore Gaetano schiepatti, 1829, pp. 304.

لەم فەرهەنگەدا ووشەی ( کورد ٠ل ٦٨ ـ ٦٩ ) و ( کوردستان ل ١٤١ ـ ١٤٢ ) دەکەونە بەرچاو کە دەگەڕێنەوە بۆ نووســـینـەکـانـی رامپۆلدی و نەیبور Rampoldi-Niebuhr ، بەلاٚم زۆر هەڵەی تێدایە بەتایبەتی کە دەڵێ ( کوردەکان بە زمانی فارسی تێکەلاٚو لە ووشـەی کلدانی و عەرەبی قسەدەکەن ل ٦٦ ) ٠ هەروەها کەدەڵێ ( بەقســەی تورکەکان کوردەکان شەیتان پەرستن ٠ ل ٦٩ ) ٠

بەم جۆرە سەری لێ دەشێوێ و کوردە ئیسلامەکانیش بە یەزیدی لە قەڵەم دەدا ٠

## نادیار

## ANONIMO

Anonimo , Kurdi ,o curdi o kiurdi , kurdistan o curdistan persiano , Kurdistan turco , in nuovo dizionario geografico universale statistico -storico- commerciale , venezia , dai tipi di Giuseppe Antonelli, 1826-35 , vol. 11.

ووشەکانی کورد ـ کوردستان ... هتد بە شێوەیەکی رێك و پێك راڤە کراون لە " بەرگی ٣ ـ بەشی ٢ ـ ل ١٤٨ ـ ١٥٠ " ، لەوانەیە ئەمە یەکەم فەرهەنگ بێت کە جیاوازی لە نێوان کوردستانی ئێران و کوردستانی عوسمانی بکات • کوردەکان بۆ دووبەش دابەش دەکات • ئەوانەی خەریکی کۆچەرین و ئەوانەی نیشتەجێ بوون ، هەروەها باسی جل و بەرگ و ئابووری ... هتد دەکات • زۆر زانیاری دەربارەی جوگرافیای کوردستان تیایە • خاڵێکی گرنگی لەسەر ژمارەی کوردەکان تیایە و دەڵێ ( ژمارەی کوردەکانی ئێران دەتوانرێ بە ٨٨ هەزارو هی تورکیاش بە یەك ملیۆن دابنرێ • ل ١٤٩ ) •

## نادیار

## ANONIMO

Anonimo , I curdi , in Museo scientifico, letterario ed artistico , Torino , Fontana ,1839. pp.211-214 , 2 figg.

لەم باسەدا بەشێوەیەکی بەردەوام بەراورد لەنێوان کوردوفارسەکان دا کراوە ، وادیارە بەلای ئەوکابرایە " نادیار " کوردستانی عوسمانی وجودی نەبووە .

بەشێکی زۆر لەم باسەدا بۆ داب و دەستووری خێلە کۆچەریەکان تەرخان کراوە ، بەشێوەیەکی گشتی ئەو زانیاریانەی لێرەدا نووسراون جیگای متمانە پێکردنن ، ئەگەرچی هەڵوێستی لە رادەبەدەر لەقالبی رەخنەدا بەرامبەر کوردەکان بەدی دەکرێ .

## نادیار

**ANONIMO**

Anonimo , I curdi , in L'Omnibus pittoresco-Enciclopedia artistica e letteraria , Napoli(1838-54),1841 vol ,IV ,pp.106-108.

ووشەی " کورد " بە هەمان شێوەی سەرەوە راڤەکراوە ، واتە هی (کورد ، لە مۆزەخانەی زانستی .... هتد ) .

## ب - بیۆندێللی

**B. BIONDELLI**

B.Biondelli , Atlante linguistico d'Europa , Milano , 1841, vol.1 , parte ,1

لێرەدا نووسەر بەشێوەیەکی فراوان باسی فەرهەنگەکەی گەرسۆنی دەکات لەگەڵ شێکردنەوەو هەڵسەنگاندنی زمانی کوردی ، بەلام بەبێ زیادکردنی شتێکی نوێ . " ل ٥٣ "

# گەیتانۆ مۆرۆنی

## GAETANO MORONI

Gaetano Moroni , Dizionario di erudizione storico - ecclesiastica, venezia, tipografia Emiliana 1840-61 , vol.109.

لەم فەرهەنگەدا چەند زانیاریەکی ڕێك و پێك دەربارەی کوردستان و کورد نووسراون ، بەتایبەتی لەرووی بەرەو پێشەوە چوونی بارو دۆخی کەنیسە و میسیۆنە کاتۆلیکیەکانی ناوچەکە " بڕوانە ووشەی Concilio بەرگی ١٥ ـ ل ٢٠٩ و ووشەیVicariato بەرگی ٩٨ - ل ٢٦٣ ـ ٢٦٥ )٠ هەروەها چەند زانیاریەکی تر لەژێر ووشەی Mossul دەست نیشان کراون "بەرگی ٤٧ ـ ل ١٩ ـ ٢٠ " ( یەکێك لە گەورەترین بازارەکانی ڕۆژهەڵاتە ، بە گوێزو کەتیرەی کوردستان و لۆکەی ناوچەکانی دەوروپشتی دەولەمەندە ، ژمارەی دانیشتوانی ٦٠ هەزار کەس دەبێ کە نزیکەی پێنج یەکی $\frac{1}{5}$ مەسیحین ، ئەوانی تریش کورد و عەرەب و ئیسلامەکانن ) باسی شاری سیرت Suert دەکات ، لە " بەرگی ٧ ـ ل ٢٥ " کە ( جێگای Vescovato = ناوەندی " بارەگای " کەنیسەکانی ـ وەرگێر ) کوردستانە لە ئاینزای کلدانی ، لە ڕۆژهەڵاتی تورکیای ئاسیاوی دا ) ٠

# گیزەری کانتو

## CESARE CANTÙ

Cesare Cantù , Cronologia per servire alla storia Universale , torino , cugini pomba e C.editori,1851

کانتوو باسی کوردستانی ئێران دەکات وەکو یەکێك لەو " هەرێمانەی ئێران و شارە سەرەکیەکانی بریتین لە کەرماشان وسنە Chirmanscia - senne ، ل ٦٢٠ "

Cesare Cantú , Storia Universale , Torino , Unione Tip. editrice , 1865, vol.II

کانتوو لیرەدا باسی ئەو شەڕوشۆرانەی ناوخۆ دەکات کە لە کۆتایی سەدەی ١٨ ز ( ئێرانیان لە نێوان دوو گروپ کاول کردبوو ، لە لایەك کوردەکان ، لە لایەکی تریش قاجاریەکان ، یەکیان پاڵپشتی لە شای تاران دەکرد ، ئەوی تریش لە محمد حەسەنی کابول Mohammad Hassan - Kabul ٠ بەرگی ٦ - ل ١٤٠ )

# ف . ج . مارموکی

## F.G.MARMOCCHI

F.C.Marmorcchi , Corso di geografia storica antica , del Medio -evo moderna , Torino , Societa Editrice Italiana , 1857.

چەند باسێکی مێژوویی لەسەر شارەکوردیەکان هەر لە مێژووی کۆنەوە تاکو سەدەی ١٣ ز تیایە ، ئەوە دەگێڕێتەوە کە شاری

بەتلیس بە قسەی کوردەکان لە دوای لافاوەکەی نووح دروست کراوە ، بەلام بەقسەی ئەرمەنەکان گوایە لە لایەن ئەلیکسەندەری مەکدۆنیەوە دروست کراوە ، " بەرگی ٢- ل ٥١٠" هەروەها باسێکی رێك و پێکی وولاتی مووسڵ و هەولێر Arbel دەکات لەبەرگی ٢ - ل ٦٦ "

## چ ٠ مینی

### C.MINI

C.Mini , L'Asia ossia descrizione fisica , storica,politica ,ecommerciale delle regioni asiatiche che ebbero ed hanno relazioni colle Indie e coll'odierno commercio dell' Europa nell'Oriente da servire d'introduzione alla storia delle Indie Orientali,Genova , Monni,1859,vol I ,PP.696,in: S.Fioretti , storia delle Indie Orientali , Genova , Monni , 1859-63 , vol .4

لەم نووسینەدا چەند زانیاریەکی کورت بەلام بەشێوەیەکی راست و دروست لەسەر کوردەکان بەرچاو دەکەوێ ، نووسەر باسی(کەرماشان مەرکەزی کوردستان دەکات لە لاپەرە ٥٠٣ ) ٠

خاڵێکی تری گرنگ کە جێگەی سەرنجدانە ، ئەویش هەست کردن بە جیاوازی ئایینی لە نیوان کوردو فارسەکان کە هیچ کەس لە شارەزایان و جیهانگەڕان ئەو گرنگیەیان پێ نەداوە کە شایانی بووبێت٠ (کۆمەلانی خەڵکی کورد بە گشتی هەموویان سوننین ، بەلام فارسەکان لە ئاینزایەکی تری جیاوازن " شیعە ـ وەرگێڕ " لەبەر ئەوە کوردەکان هەروەکو تورکەکان بە چاوێکی باشەوە تەماشا ناکرێن ل ٥٢١ ) ٠

# ئەگوستینۆ مارکی ۱۸۷۵ - ۱۸۰۵

## AGOSTINO MARCHI

Agostino Marcchi , Sulle missioni nella Mesopotamia -Lettera al molto reverendo padre maestro F.vicenzo Lamarche de' predicatori a Roma ,in:Pragmalogia Cattolica, 1843,2° sem ,fasc.3,PP.357-380.

ئەم نامەیە لە بەرواری ۱۸٤۳/۱۰/۷ ز لە شاری مووسڵ نووسراوە، باسی گیروگرفتی کەنیسەکانی کوردستان دەکات ، دەربـــــارەی دانیشتوانی مووسڵ دەڵێ ( لە شاری مووسڵ ژمارەیەکی زۆر لە کاتو-لیکیەکان پیش ئەو نەخۆشی و رشانەوەیە دەژیان کە پێش ۱۲ ســـاڵ هەزارەها خەڵکی کوشت ، ئێستاش ژمارەیان کەم بوتەوە بۆ ٤ هەزار بە ئاسوری وکلدانیەکانەوە ،کلدانیەکان ژمارەیان ۱۸۰۰ کەس دەبـێ و ئاسوریەکانیش ژمارەیان ۲۲۰۰ کەس دەبێ ، ئێستاش هەموویـــان وەکو پێویستیەك لەگەڵ یەکتری تێکەڵاو بوون و بەیەکەوە لەژێـــر دەسەڵاتی یەك دەولەت لەگەڵ ژاکۆبیتیەکان کە لێرە ژمارەیان زۆرە، هەروەها ناستریەکانی کوردستان و ئیسلامەکان دەژین ل ۳٦۱ )

خاڵێکی تری گرنگ بریتیە لە هەست کردن بە دابڕانی کوردستان لە بازرگانی جیهانی ، دوای دۆزینەوەی رێگای دەریایی و سوڕانەوە بە دەوری ئەفەریقادا ( دوای دۆزینەوەی " راس الرجاء الصالـــح لوتکەی هیوای رووناك" Capo di buono speransa کوردســتان لە بازرگانی ئەوروپی دابراوە ، هەروەها لێرەدا هەست بە نەبوونی سادەترین پەرتووکی زانستی جۆربەجۆر دەکرێت ، نەیانزانیـــوەو

نەیانتوانیوە سوود لە دۆزینەوە و داهێنانی چاپەمەنی وەرگـــرن ٠
( ل ٣٦٢ )

## گەیتانۆ ئۆسکولاتی ١٨٠٨ - ١٨٨٤

## GAETANO OSCULATI

Gaetano Oscolati, Coleopteri raccolti nella persia , Indostan ed Egitto e note di un viaggio nella persia e nelle Indie Orientali , Milano, Corbetta, 1844.

لەم نووسینەدا چەند دەنگ و باسێك لەسەر کوردەکان نووسراوە ، بەتایبەتی لە رووی هەڵکەوتنی شوێنی جوگرافی کوردستان،هەروەها [113] راوو ڕووت و ڕێگری ، بگرە لەلایەن ئافرەتانی کوردیش و وەرگرتنی [114] باج لەو ڕێبوارانەی بەم ناوەدا تێپەر دەبن ٠

## کریستینا شازادەخانمی بێلجۆیۆسۆ ١٨٠٨ - ١٨٧١

## CRISTINA TRIVULZIO PRINCESSA DI BELGIOSO

M•me la Principessa de Belgioso , Asie Minuer et Syrie - sauvenirs de voyages , Paris, Levy,1858,pp. 427.[116]

ئەم باسە گەشتەکەی خانمی مەدام شانتر "Madame Chantre" مان دێنێتەوە یاد ، کە بە تەنیا لە کۆتایی سەدەی نۆزدەهەم بـــــە کوردستانی داکردووە ٠ [117]

نووسەر " کرستینا " لە سالی ١٨٥٥ز گەشتەکەی دەست پێ دەکـا

( پاش دواین راپەرینە قارەمانەکەیان ۰۰۰۰۰ ل٤١٩ ) ، ئەم نووسینە وا دیارە زیاتر لە کارێکی ئەدەبی دەچێ تا گێڕانەوەی گەشتێك دەڵێ ( دیهاتە کوردیەکان لە هەموو جۆرە خزمەتگوزاریەك بێ بەشن، ئافرەتەکان لە مالەوە لەگەڵ منالەکانیان بە تەنیا ، لەو کاتەی مێردو سەرۆکەکانیان شوانکاری و چاوەدێری مەڕو ما لاتەکانیان لە سەرچیاکان لەهەموو قوژبنێکی ئیمپراتۆریەتی عوسمانی دەکەن ۰ ۰۰ ل ٤٢٠ (۰ بەشێوەیەکی گشتی باسی ئافرەت "ل ٤٢٠ " و ئاکارەکانی ئەسپی کوردی " ل٤٢١ " دەکات و زوربە پەروشەوە سۆزو خۆشەویستی بۆ ئەم میللەتە دەردەبڕێ و دەڵێ ۰

( نە تورکەکان و نە تورکومانەکان نەیانتوانیوە لەسەر ئەم چیایانە نیشتەجێ بن ، بەلکو هەمیشە لە دێر زەمانەوە جێگە لانەی ئەو رەگەزمیە کە تاکو ئێستا سەرکەوتنی بەدەست نەهێناوە ، بەلام هەمیشە کۆڵنەدەر و جەنگاوەرە ۰ ل ٤٢٢ )

M.me la princesse de Belgjojoso , Scènes dela vie turque , Paris . Lévy, 1858 ,pp.388.

لەسەر باسێکدا بەناوی " میرێکی کورد " کە بریتیە لەبەشی هەرە درێژی نووسینەکە " ل١٤٥ ـ ٢٧٦ " ۰ نووسەر لێرەدا باسی بەسەرهاتێکی ئەو میرە کوردە دەکات بەناوی محمد بایی Mehmet-Bey لە نزیکەوە خۆی و ژنەکەی بەناوی حەبیبە Habibe ناسیوە ۰ بەشێوەیەکی رۆمانسیانە بەسەرهاتەکانی ئەو میرە نیشتمان پەروەرە " ناسیۆنالیست " دەگێریتەوە کە دەبیتە سەرکردەی راپەرینێك، دوای ئەوەی ئەنجوومەنی ناوچەکە " ئەرکی پیشرەوایەتی کوردە راپەریوەکانی پێ دەسپێرێ ل١٥٧ ) ، ئەوەش لە ئەنجامی بریارێکی عوسمانی کە ریگەی لە کوردە کۆچەریەکان دەگرت بۆ بەسەر بردنی هاوین لەم کوێستانانەی بەسەدان سال لێی ژیاون و سەرچاوەی ئابوری و داهاتی کوردستانن ۰

١١٨

بەشیوەیەکی گشتی نووسەر باسی پسیکۆلۆجیای میرو ژنەکەی و باسێکی قووڵ لەسەر ژیانی گوندەکان و هۆیەکانی راپەڕینی بەردەوام و هۆیەکانی دژایەتی نێوان دەوڵەتی عوسمانی و کوردەکان دەکات • لە هەمان کات نووسەر دەست نیشانی بارودۆخی شپرزەیی لە شکری عوسمانی دەکات ، بەجۆرێکی ئەوتۆ کە جێگەی سەرسوڕمان نیە کاتی محمد بایی بە دیل دەگیرێ ، بەهۆی کوژرانی سەرکردەی لە شکری عوسمانی لەشەڕدا ، لە زیندان ئەرکی رابەری کردنی ئەو سەربازە تورکانەی کە لەمەیدانی شەڕ بەجێ مابوون دەدەنە ئەستۆی ئەو ، لە دوایی لە زیندان لێی دەبورن و بەدەست بەسەری لە ئەستەمبول دەمێنێتەوە • ل ٢٦٤ ) ئەوەش وەکو پاسایەك بەسەر سەر-
١١٩
کردە کوردەکان لەسەدەی بیستەم سەپێندراوە •

ئەگەرچی ئەم نووسینە بەشێوەیەکی رۆمانسی باسی بەسەرهاتەکانی مێژوو دەکات ، بەڵام سوودو بایەخێکی زۆری هەیە ، چونکە خەباتی کوردەکان لە لایەن کەسێکی ئەوروپی نووسراوە کەخۆی بەچاوی خۆی بینیویەتی و بۆ ماوەیەك لەناو کۆمەڵگای کوردەواری دا ژیانی بەسەر بردووە •

## ئەلیساندرۆ دی بیانکی ١٨٩٦-...

### ALESSANDRO DE BIANCHI

Alessandro De Bianchi , Viaggi in Armenia, Kurdistan e Lazistan , Milano , ed. Gareffi già Boniotti , 1863 , pp.326

ئەم نووسینە بریتیە لە بە جۆش و خرۆشترین گۆڕانی کۆتایی لە ئەدەبیاتی ئیتالیدا ، چونکە پاش ئەمە هیچ نووسین و لێکۆڵینەوەیە-

کی ئاوا بەرز و بەنرخ لەسەر کورد بڵاو نەکراوەتەوە ٠ دێ بیانـــکـی لەگەڵ لەشکری تورك بە هەموو هەرێمەکانی ئاسیای عوســـمانــی دا گەراوە و سوڕاوە ، واتە جورجیا ـ ئەرمینیا ـ کوردستان،هەروەهـا لە ساڵی١٨٥٥ ز دێ بیانکی " هەموو هەوڵ و تەقەلایەکی خستە گــەڕ بۆ کۆکردنەوەی هەموو جۆرە دەنگ و باس و زانیاریەك لەسەر بـــارۆ دۆخی جوگرافی ـ سیاسی ـ ئابینی و سەربازی ئەم وولاتانە، بـــەلام هەڵگیراسانی شەڕی نێوان تورکیاو رووسیا و ئەرکەکانی سەربـجـازی رێگەی تەواوکردنی ئەو کارەی کەخۆی مەبەستی بوو لێ دەگرن ، دوای کۆتایی هاتنی شەڕ دووبارە ، سەرلەنوێ سەردانی ئەو شوێنانە بـــە شێوەیەکی وردو پڕ سەرنجتر دەکاتەوە ، سەرەڕای ئەو گیروگرفتانــەی تووشی بووبوون ٠٠٠٠٠٠٠ توانی کۆمەڵە زانیاریەکی بە ســـوودو دەوڵەمەند کۆ بکاتەوە ٠ ئەو کارە بەنرخەش تاقی کردنەوەو شارەزایی ئەو نیشان دەدەن کە دوور لە ناتەواوی و پەلەپەل کردن لە ساڵی١٨٥٩ز[١٢١] لە ئەستەمبۆل نووسیویەتی و لە میلانۆ ساڵی ١٨٦٣ز چاپکراوە ٠

ئەم نووسینە لە ٣ بەش پێك هاتووە ، لە بەشی یەکەم دا بـــاسـی ئەرمینیا دەکات و بەشی دووەم دوورو درێژە " ل ١١٨ـ٢٩٨ " تایبەتـە بە کوردستان و بەشی سێ یەم تایبەتە بە لازستان ٠

دێ بیانکی باسێکی مێژووی کورد لە دێر زەمانەوە تاکو ئەوکاتــە دەکات ، لەگەڵ خەباتی محمد بابی[١٢٢]وسیاسەتی عوسمانی ، ئێرانیی و رووسەکان بەرامبەر کوردستان ، هەروەها باسی داب و دەســـتوور و زمانی کوردی و باری ئابووری و بازرگانی و یەزیدیەکانیش دەکات٠

هەلوێست و بۆچوونێکی سادەو رەوان و سروشتی و دەوڵەمەند لـــە سەر کوردستان دەردەبڕێ و نایەوێ بەسەر سوڕمانەوە باسەکان بـــۆ خوێنەران بگێڕێتەو ە، بەڵکو بەو شێوەیەی کە بە چاوی خۆی بینیویە-تی؛[١٢٣] بۆیە لە زور روانگەوە لە دێللە ڤاللی دەچی[١٢٤] ٠ دیسان بە هــــۆی

شارەزایی و ناسین و پەیوەندی لەگەڵ کۆمەلانی خەڵکی ناوچەکەوو دوور لە دەمارگیری ئایینی ڕێگەی ئەوەی لێ ناگرن بۆ ئەوەی لەهەندێ بارودۆخی ناسکدا خۆی بە یەزیدی بداتە قەڵەم . " ل ٢٩٣ " .

زیرەکی و چاپوکی ئەو کابرایە دەگاتە ئەو پلەیەی بە سەرهاتێکی سەیرو سەمەرە و خۆش بگێڕێتەوە ، ئەوەش بۆ پیشاندانی ئەوەی کە زمانی کوردی لە ڕەگەزی زمانە هیندو ئەوروپیەکانە ، لەم بەسەرهاتە دەگێڕێتەوە و دەڵێ ( ئەوەی زیاتر ئێمەی حەپەساند ، ئەگەرچی لە پێشوودا هەستی پێ کرابوو ، بریتیە لە بەیەکچوونێکی سەیر لە نیوان هەندی ووشەی کوردی و ئیتالی ، شەوێك بۆ پرسیارکردن لە دەرگای ماڵە کوردێکمان دا ، لە وەلام پرسیاریان لێ کردین ئەڤکیە " Ef chie " واتە ئێوە کێن " بۆ ماوەیەك خۆمان لەبیرکردو وامان زانی کەسێکی ئیتالیە وەلام دەداتەوە ، بەلام باوەڕمان نەدەکرد لەبەر ئەوە بە تورکی وەلامان دایەوە کەچی کابرا دووبارە لە وەلام دا گوتی نۆ "No" ( نا ) لەبەر ئەوە بیرمان کردەوە دیارە بە ڕاستی ئەو کابرایە ئیتالیە و یەکێکە لە پیاوەکانی دەولەتی عوسمانی ، بویە ناچاربووین بە ئیتالی قسەبکەین بۆ ئەوەی بەباشی لەیەك حالی ببین ، بەلام لە کۆتایی دا قسەکانی کابرا وەکو گوێز بۆ ئێمە وابوو ، هەروەها لە رووی بە کارهێنانی کرداری هاتن لە کرداری هاتنی ئیتالی Venire دەچێ ، هەروەکو لە ئیتالی دەلێن Basta = باستە " واتە بەسە " لە کوردی دەلین Bestir = بەستە شیوەی فونوتیکەکەیان لە شێوەی خەڵکی ناوەراستی ئیتالیا دەچێ .... ل٢٥١ )

ئەم نووسینە بە جۆرەها دەنگوباس و زانیاری دەولەمەندە ئەوەش بەهۆی شارەزایی دێ بیانکی لە زمانی تورکی یارمەتی دەدا بۆ خوێندنەوەی نووسینەکان بە زمانی تورکی بە تایبەتی هەی

" ئەولیا چەلەبی " ، بەم شێوەیە دێ بیانکی باسی هەموو لایەنێکی کۆمەڵی کوردەواری دەکات بەتایبەتی لە رووی باسکردن و ناو بردنی خێلە کوردیەکان دا ٠

دێ بیانکی ژمارەی کوردەکان بە نزیکەی ٣ ملیۆن دەداتە قەلەم ، بەلام سەرچاوەکانی رەسمی دەولەت بە کەمتر لە ملیۆنێك دایدەنێن " ل ١٨٠ " بەم شێوەیە پیشانی دەدات کە سەرچاوەکانی دەولەت لە راستی دوورن و جێگەی گومان لێ کردنن ٠ ١٢٥

بەڕای نووسەر کوردی راستەقینە Il vero kurdo بریتین لە دانیشتوانی ناوچەی سلێمانی ، کە هەر لەسەدەی ١٩از مەلبەندی رۆشنبیری و ناسیۆنالیزمی کوردە ١٢٦ ، (کوردی راستەقینە ئەوانەن کە تاکو ئێستا هەمان داب و دەستووره سەرەتاییەکانی پشتاوپشتی " پارتەکان Parti " یان پاراستووە ٠٠٠ لە دەورووپشتی سلێمانی دەژین ، شارەکە کەوتوتە ناوەڕاستی بەرزترین و بە پیت ترین دۆلی کوردستان ، پیشەی خەڵکەکە بریتیە لە دزی و رێگری ، جگە لە تالان و بڕۆی خۆیان بە هیچی تر خەریك ناکەن ، هەموو وزەوتوانای خۆیان لەمەوە بەکاردێنن ، بە شێوەیەکی گشتی هەموویان چوارشانەو تێك چەقیوو بەهێزن ، پێکهاتنێکی لەش و لاری باشیان هەیە ، ئازاو کولنەدەرن ، رەنگیان برۆنزیە ، شێوەیان لە چەتەی خانەدان و ماقوول دەچێ ٠٠٠٠ زیرەکی و فەنتازیەکی تایبەتی خۆیان هەیە وەکو هەموو نەتەوەکانی رۆژهەلات ، بەلام کوردەکان ٠٠٠٠٠ ژیری و ووشیاریەکی بەرزتریان لە تورکە چەوسینەرەکانی خۆیان هەیە ٠٠٠٠ " ١٨٨-١٨٩ " ٠

دێ بیانکی بەشێوەیەکی رێك و پێك باسی دینداری کوردەکان دەکات و دووپاتەی قسەکانی دێللە ڤاللی دەکاتەوەو دەلێ ( بەشێوەیەکی گشتی کوردەکان لە دەمارگیری ئایینی دوورن ، زۆر گوێ بە

ئەرك و تێبینیە ئایینیەکان نادەن کە خراوەتە سەریان ۰۰۰ل ١٤٤)۰

جا خۆ لەوانەیە دێ بیانکی یەکێك بێت کە بە باشترین و جوانترین شێوە وەسف و وینەی ئافرەتی کوردی کێشابێت( لە روخساردا هەمیشە گەنجن ، رەنگیان ئەسمەرە لە چاوە گەش و سیحراوەکانیان خواوەندەکانی جوانی و سروشت و سەرشاخەکان بەدی دەکرێت،مەگەر هەر بە خەیالی شاعیرەکاندا هاتبێ ، لە تەمەنی ١٥ـ ٢٠ ساڵیدا دەگەنە ئەو پەڕی جوانی ، هەر لەدایك بووندا لە ژیانێکی ناخۆش پەروەردە کراوون ، هەر زوو بە زوو ئازایەتیەکی لەبن نەهاتنەوو وەدەست دێنن ، لە سواری ئەسپ و رمبازی دا کەس شانیان لە شان نادات ، بەسەر سەخترین هەوراز و نشێودا سەردەکەون و دێنە خواری مل ملانی لەگەڵ میردەکانیان لە راکردن و رۆیشتن دا دەکەن، دوای مێردەکانیان دەکەون و لە مەیدانی شەر ئازایانە یارمەتیان دەدەن ، دوای تەمەنی ٢٥ ساڵی ئەو سوز و رووح سووکی و ئاکارانە لەدەست دەدەن ، بەلام شێوەی لە شولاریان زیاتر دەچەسپێ بە هۆی هەلومەرجی ناخۆشی ژیانی کۆچەری ، رووخساری دەم و چاویان ئەو جوانیە پیشان نادات کە کەمێك پیش ئێستا لە جوانی دا لە دیمەن کیشان نەدەهاتن ۰۰۰۰ ل ١٩٠ ) ۰[١٢٧]

هەلسەنگاندن و بۆ چوونەکانی نووسەر لەمەڕ هەوڵدانی رووسیا بۆ دەست تێوەردان و چوونە ناوەوەی کوردستان جیگەی بایەخ و سەرنجدانە ، کە دەڵێ[١٢٨] ( هەرکاتێ خێلێکی کورد داوای گواستنەوە و نیشتەجێ بوون لە رووسیا دەکات ، ئەم داواکاریە بەدەست دەهێنێ و دەکەوێتە ژێر دەسەلاتی دەوڵەتی رووسەوە و دەبێ هەموو ئەوکارانە جێ بەجێ بکات کە لەسەر شانی هاو وولاتیەکی رووسین ، وەلە هەمان کات دا گشت مافەکانی هاو وولاتیش بەدەست دێنێ ۰ دەوڵەتی رووسیا لەم بارەوە زۆر فێل بازە ، بەمەبەستی گواستنەوەو نیشتەجی کردنی

خێڵە کۆچەریەکان لە چوار چێوەی سنووری خۆی دا زەوی و زاریـــان دەداتی بۆ کشت وکاڵ لەگەڵ یارمەتی دارایی و زۆر شـــتی تـــری پێویست ، ئەو کوردانەش کەلەنا و لەشکری رووس خزمەت دەکـــەن ژمارەیان کەم نیە لەسەر سنووری تورکیا و هەندێ لەوانە پلەوپایـــەی بەرزیشیان دراوەتێ • لەوکاتەی دەوڵەتی رووسیا درێژە بەو سیاسەتـە دەدات کە ئێستا لە ئارادایە دەتوانێ کار لە کوردەکان بکات و بیان خاتە ژێر دەسەڵاتی خۆی و سوودیان لێ وەربگرێ ، کە دەوڵـــەتـــی عوسمانی نەیتوانی پارێزگاری لێ بکا •••• هەروەها ئێرانیـــــش پەرەی بە دەسەڵاتی خۆی بەسەر ژمارەیەکی زۆری خـێڵە کۆچەریەکـان لە بەشێکی کوردستان داوە ، ئەوانەی لەسەردەمی جۆربە جۆر کورد- ستانی عوسمانیان بەجی هیشتووە و لە ئێران نیشتەجی بوون ، هۆی سەرەکی لە بەجێ هێشتنی تورکیا لەلایەن کوردە کۆچەریەکان بریتـی بوو لە دانانی باج و سەرانەیەکی زۆر و هەندێ هەڵس و کەوتی نارەوا و ناشیرینی پیاوانی دەوڵەتی تورکیا • ئێرانیش بە چاویکی خـراپ سەیری دەکرد کە زوربەی کوردستان لەژێر دەسەڵاتی تورکیایە ، لەبەر ئەوە هەمووکات هەوڵی دەدا بیخاتە ژێر دەسەڵاتی خۆیەوە ، بـــەڵام هەرگیز ئەو دەرفەتەی بۆ رێك نەکەوت •ل ١٨٤ ـ ١٨٦ )

دیبیانکی هەروەکو کەمپەنیلێ لەمەوبەر دەست نیشانی کردبوو ، باسی گونجان و لەباری نیشتمانی کوردان دەکات بۆ شەڕی پیشمەرگا. نە " پارتیزانی " و دەڵێ ( سروشتی شاخاوی کوردستان هۆیەکـــی سەرەکی بوو کە تورکەکان نەیان دەتوانی ، مەگەر پاش ماندووبوون و زیانیکی زۆر دەسەڵاتی خۆیان بەسەر دانیشتوانی ناوچـــــەکـەدا بسەپێنن • کوردەکان هەرلەوکاتەی دەستیان کردبوو بە خۆرێك خستن و فەرمان رەوایی خۆکردن ، تورکەکان وفارسەکانیان بە زوردار و چە- وسێنەری خۆیان سەیر دەکرد •بە هۆی لەباری ناوچەکەو شارەزاییـان لە گەروو دەربەندی چیاکانی خۆیان • بەژمارەیەکی کەم رێگەیان لـــە

لەشكرێكی زۆر گەورە ترو بەتواناتر لە خۆیان دەگرت ٠ زەرەرو زیا ـ
نێكی یەكجار گەورەیان لە لەشكری توركەكان دەدا ، ئەگەرچی ئـــەو
شەرو شۆرو زیانانەش بێ سوود نەبوون بە دژی سەربەخۆیی ئەوان ٠٠٠
ـ ل ١٧٦ ) ٠ ١٢٩

ئەم نووسینە بەنرخە ، شتێكی سەرەكیە بۆ هەر شـــیكـردنەوەو
لێكولینەوەیەكی قوڵتر لەسەر كۆمەڵگای كوردستان و بارو دۆخـــی
سیاسی كوردەكان لەبەشی دووەمی سەدەی ١٩ ز دا ٠

# فلیپۆوی ڤیلیپی ١٨٦٧ - ١٨١٤

## FILIPPO DE FILIPPI

Filippo De Filippi , Note di un viaggio in persia nel 1862 , Milano , Daelli,1865,pp.396.

ئەم كابرایە ئاژەڵناس Zoologist بوو ، لە سەفەرێك دا بۆ ئێران
لەگەڵ میسیۆنێكی دپلۆماسی ئیتالی باسی هەندێ شت دەربـــارەی
یەزیدیەكان دەكات لە" ل ٦٨ " ، هەروەها باسی بوونی هـــەندێ
رێگری كورد دەكات كە خۆیان لە نزیك سنووری ئێران حەشار دەدەن ٠
" ل ١١٦ "و هەندێ باسی تری لەسەر كوردە كۆچەریەكان و هەوارەكا ـ
نیان " هۆبە " نووسیوە " ل ١٧٩ ، ١٨٥ " ٠

# ئەلفۆنسۆ گارۆڤالیۆ

## ALFONSO GAROVAGLIO

Alfonso Garovaglio , Viaggio nella Siria centrale e nella Mesopotamia - lettere fammiliari, Milano,Bellini 1892 ,PP.190

گارۆ ڤالیۆ لە گەشتەکەیدا چەند پەیوەندیەکی پچڕ پچڕی لەگەڵ کوردەکان دا بووەو باسی بوونی کوردەکان لە شاری ئورفـــە ل١٢٣ و بەغدا " ل ١٧٨ " دا دەکات . لەکاتی پشودانێکی کورت لە شـــاری جەزیرە باسی ئەوە دەکات کە پردی دەرگای چوونە ژووری شارەکە لـــە دار دروست کراوەو وەکو جۆلانە بەولا و ئەولادا دەهەژێ ، ئـــەوەش لەبەر ترسان لە هێرش و پەلاماری کوردەکان ، بەم جۆرە لە بریتـــی پردێکی لە بەرد ، لەداریان دروست کردووە .

هەروەها دەست نیشانی ناتەواوی تەکنیك و هۆیەکانی بەرگـــری و شەرکردنی کوردەکان دەکات و دەڵێ ( ئەم جۆرە چەکانە زۆر کـــۆن و هی روژگاری رۆمانەکانن ، سەرەڕای ئەو هەوڵ و تەقەلایەی بۆ گۆڕین و لەناو بردنیان دراوە ، هەروەکو خۆیەتی ، ئەوەش بەهۆی بوونی رێگرو جەردەکان کەلەکاتی ترس و تەنگانە رادەکەنە ئێران و خۆیان حەشـــار دەدەن ، دوای نەمانی ئەو ترسەش وەکو جاران دێنەوە مەیدان .ل ١٥٤).

# گەیتانۆ سۆلەنێللی

## GAETANO SOLANELLI

Gaetano Solanelli, Sull'Armenia e sulle sue provincie appartenenti alla Turchia ,in Bollettino consolare, vol. XVIII, fasc.III, 1882, Roma, Ministero degli Affari Esteri, PP.56

لەم نووسینە دا راپۆرتێکی رێك و پێك لەسەر دانیشتوانی ئەرمینیا نووسراوە ، بەلاّم نازانین تا چ رادەیەك راستن · دەربارەی دەست نیشانکردنی رێژەی رەگەزی دانیشتوانی شارە ئەرمەنی و "دیان' کوردەکان · نووسەر ژمارەی کوردەکان بە ( نزیکەی یەك ملیۆن و نیو لە هەرێمەکانی ئەرمینیا و ناوچەکانی دەورووپشت دادەنێ ·ل ٢٠ )

لە رووی ئایینەوە کوردەکان دابەش دەکات بۆ( سوونەو شیعە یان ئاینزا ئارتودۆکسیەکان ) ، وەلەرووی زمانەوە بۆ (کورمانجی و زازا ) Curmangi- Sasa [١٢٠] لەرووی شیوەی ژیانەوە دەڵێ (کۆچەریەکان نزیکەی ١٠٠ هەزار کەس دەبن و ئەوانی تریش نیشتەجێن ·ل ٢٠ )

# پەراوێزەکان

١- بڕوانە :- گەزنەفون ( ٤٣٠ - ٣٥٤ز ) چاپی ئیتالی
کوردەکان بە کاردۆخی ناودەبات 1-Senefonte
